مجلة فصلية محكمة تصدرها كلية
التربية للعلوم الإنسانية ـ جامعة كركوك

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من
كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك
Issn 1992 - 1179
العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

# مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

المجلد (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025

مجلة فصلية صادرة من كلية التربية للعلوم الإنسانية
جامعة كركوك

ISSN 1992 - 1179

العنوان البريدي
العراق/ كركوك/ جامعة كركوك
صندوق البريد: 2281 والرمز البريدي: 52001
رقم الايداع في دار الكتب و الوثائق ببغداد 1209 لسنة 2009

E. mail
kujhs@uokirkuk.edu.iq

رئيس التحرير
الأستاذ الدكتور
مراد إسماعيل أحمد

29 تموز 2025

## أعضاء هيئة التحرير

| ت | الاسم | اللقب العلمي | البلد | الاختصاص | مكان العمل | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | د. مراد إسماعيل احمد | أستاذ | العراق | الجغرافية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | رئيس هيئة التحرير |
| 2 | د. حيدر عادل محمد | مدرس | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | مدير هيئة التحرير |
| 3 | د. مشاري عبد العزيز محمد الموسى | استاذ | الكويت | اللغة العربية | جامعة الكويت كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 4 | د. سيد صادق عوض الله احمد | استاذ | مملكة البحرين | اللغة الإنكليزية | جامعة البحرين كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 5 | د. نازان توتاش | أستاذ | تركيا | اللغة الإنكليزية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 6 | د. فهد عباس سليمان | أستاذ | العراق | التاريخ | جامعة كركوك كلية التربية للبنات | عضو هيئة تحرير |
| 7 | د. نور الله جتين | استاذ | تركيا | اللغة التركية | جامعة انقرة كلية اللغات | عضو هيئة تحرير دولي |
| 8 | د. كمال عبد الله حسن | استاذ | العراق | الجغرافية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 9 | د. زانيار فائق سعيد | استاذ | العراق | اللغة الانكليزية | جامعة السليمانية | عضو هيئة تحرير |
| 10 | د. جنار عبد القادر احمد | أستاذ | العراق | علوم تربوية ونفسية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 11 | د. دلال علي سليمان زريقات | استاذ | الأردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 12 | د. ياسر محمد طاهر | أستاذ | العراق | طرائق التدريس | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الصرفة | عضو هيئة تحرير |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | د. كاروان عمر قادر | استاذ | العراق | اللغة الكوردية | جامعة السليمانية كلية اللغات | عضو هيئة تحرير |
| 14 | د. عصام مصطفى عبد الهادي عقلة | أستاذ مشارك | الامارات | التاريخ | جامعة خورفكان كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 15 | د. ابراهيم بن يحيى بن زهران البوسعيدي | أستاذ مشارك | سلطنة عمان | التاريخ | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 16 | د. نزيه إبراهيم المناسية البطوش | استاذ | الاردن | الجغرافية | الجامعة الأردنية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 17 | د.خالصة الغباري | أستاذ مساعد | سلطنة عمان | اللغة الإنكليزية | جامعة السلطان قابوس كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |
| 18 | د. مهدي قيس عبد الكريم الجنابي | أستاذ مساعد | الامارات | علوم القران | جامعة الشارقة كلية الشريعة والدراسات الإسلامية | عضو هيئة تحرير دولي |
| 19 | د. إسماعيل البر قومسر | أستاذ مساعد | تركيا | اللغة التركية | جامعة دوزجه | عضو هيئة تحرير دولي |
| 20 | د.فارس محمود محمود | أستاذ مشارك | سويسرا | الجغرافية | جامعة بيرن | عضو هيئة تحرير دولي |
| 21 | د. كامل عبد القادر حسين | أستاذ مساعد | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 22 | د. عز الدين صابر محمد | أستاذ مساعد | العراق | اللغة الكوردية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 23 | د. خالد احمد هواس | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 24 | د. محمد اكبر بور | أستاذ مساعد | ايران | الجغرافية | جامعة ريزا كلية الاداب | عضو هيئة تحرير دولي |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 25 | د. علي هادي حسن | أستاذ مساعد | العراق | اللغة العربية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 26 | د. مجيد احميد جدوع الزبيدي | استاذ | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة الانبار كلية الاداب | عضو هيئة تحرير |
| 27 | د. محمد علي شريف | أستاذ مساعد | العراق | اللغة التركية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 28 | د. زينب عصمت صفاء الدين | مدرس | العراق | اللغة الإنكليزية | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |
| 29 | د. عماد عبد الله مراد | مدرس | العراق | علوم القران | جامعة كركوك كلية التربية للعلوم الإنسانية | عضو هيئة تحرير |

مقدمة

يشرفني أن أقدم لكم هذه المقدمة التي تسلط الضوء على الدور الحيوي والمهم للبحوث التي يقدمها الباحثون للمجلة، والتي تسهم بشكل فاعل في تعزيز وتطوير مجالات الدراسات الإنسانية. إن المجلة تهدف إلى توفير منصة علمية رائدة لنشر الأعمال الأكاديمية التي تتناول قضايا حيوية في مختلف فروع العلوم الإنسانية، بما في ذلك الفلسفة، وعلم الاجتماع، والأنثروبولوجيا، وعلم النفس، واللغة، والتاريخ، والفنون، وغيرها.

إن الأبحاث المقدمة للمجلة ليست مجرد نتائج لدراسات علمية، بل هي محطات فكرية تعكس تطور المفاهيم والنظريات في هذه المجالات. تعمل هذه الدراسات على طرح حلول للمشاكل المعاصرة، وفهم الظواهر الإنسانية في سياقاتها المختلفة، كما تساهم في تقديم رؤى جديدة لتطوير المجتمع وتعزيز الوعي الثقافي والعلمي.

إن الدور الكبير لهذه البحوث لا يتوقف عند نشر المعرفة فقط، بل يتعداه إلى تحفيز التفكير النقدي والإبداعي، ودعم الجهود الأكاديمية في بناء قاعدة معرفية متينة تُسهم في تحريك عجلة التغيير والتطور في المجتمعات الإنسانية. ولذلك، فإننا نعتبر هذه البحوث أداة أساسية في تطوير الفكر الإنساني، ودعم المساعي المستمرة لتحسين جودة الحياة البشرية عبر أبعادها المختلفة.

نتطلع في المجلة إلى استقبال مزيد من الدراسات الرصينة التي تثرينا وتوسع آفاقنا العلمية، مؤمنين بأن هذه الإسهامات العلمية هي حجر الزاوية في بناء مستقبل أكثر إشراقاً في مجال الدراسات الإنسانية.

**رئيس هيئة التحرير**

**ا. د. مراد إسماعيل احمد**

**شروط وقواعد النشر في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية**

1. تسلم نسخة الكترونية من البحث عبر الموقع ( https://kujhs.uokirkuk.edu.iq ) تحت برنامج Microsoft Word بصيغة doc او بصيغة dox.
2. يطبع البحث بواسطة الحاسوب بمسافات واحدة بين الأسطر شريطة أن لايزيد عدد صفحاته عن 25 خمس وعشرين صفحة وبواقع (5000 الى 10000 ) كلمة، ونوع الخط Simplified Arabic بما في ذلك الجداول، مع تنسيق محدد مسافة 1.5، خط بحجم 14، على ورق A4. للبحوث الخاصة باللغة العربية، يُكتب البحث بخط (Times New Roman) للغة الإنجليزية و التركية بحجم خط (14) على ورق مقاس(A4). اما بالنسبة اللغة الكوردية فونت كوران Kurdfonts.
3. تقديم سيرة علمية مختصرة للباحث أو الباحثين مرفقة مع البحث وتكون منفصلة.
4. تكتب أسماء الباحثين الثلاثية باللغة العربية والإنجليزية كما تذكر عناوين وظائفهم الحالية ورتبهم العلمية.
5. إقرار من المؤلف يؤكد أن البحث لم يسبق نشره وليس قيد النشر في مجلة أخرى.
6. العناوين الرئيسة والفرعية تستعمل داخل البحث لتقسيم أجزاء البحث حسب أهميتها وبتسلسل منطقي وتشمل العناوين الرئيسة: عنوان البحث، الملخص، الكلمات الدالة، المقدمة، إجراءات البحث، الشرح، الاستنتاج، المراجع.
7. يرفق مع البحث ملخص باللغة العربية وباللغة الإنجليزية على أن لاتزيد كلمات الملخص عن (250) كلمة.
8. تكتب بعد الملخص الكلمات الدالة للبحث.
9. تطبع الجداول والأشكال والخرائط داخل المتن وترقم حسب ورودها في البحث وتزود بعناوين ويشار إلى كل منها بالتسلسل.
10. يجوز نشر البحث إذا كان مستلًا من أطروحة أو رسالة دكتوراه أو ماجستير، بشرط ألا تكون هذه الرسائل منشورة أو مقبولة للنشر، ويجب الإشارة إلى هذا في الصحيفة الأولى وقائمة المراجع، والإفصاح عن ذلك في الإقرار والتعهد.

11. يلتزم الباحث بدفع النفقات المالية المترتبة على إجراءات التقويم في حال طلبه سحب البحث ورغبته عدم متابعة إجراءات النشر.

12. يمنح الباحث مدة أقصاها ثلاثة اشهر لإجراء التعديلات على بحثه إن وجدت ومن حق المجلة بعد ذلك الغاء الملف البحثي تلقائيا في حال تجاوز المدة المذكرة أعلاه.

13. التوثيق ( قائمة المراجع )

أ. يُشترط اتباع أسلوب الكتابة وفقًا لمعايير APA النسخة السابعة (الجمعية الأمريكية لعلم النفس )، ويجب الالتزام بالدقة في الاستشهادات وتنسيق القائمة المرجعية وفقًا لهذه المعايير، لضمان الوضوح والتناسق في تقديم البيانات والمعلومات العلمية.

ب. يشار إلى المراجع في المتن بالاسم الأخير للمؤلف وسنة النشر والصحيفة، مثال: علي عبد عباس العزاوي ( العزاوي، 2008: 214) أو ( العزاوي، 2008).

ت. يجوز في بحوث علوم القرآن والتأريخ الإسلامي توثيق المراجع من خلال تهميش المراجع باستعمال الأرقام المتسلسلة بين قوسين هكذا (1) ، (2) ، (3) وتبين في آخر البحث تفاصيل المراجع حسب تسلسلها وتوضع قبل قائمة المصادر والمراجع.

ث. توثق المصادر والمراجع في قائمة واحدة في نهاية البحث وترتب هجائيا حسب الاسم الأخير للمؤلف مثل:

(اسم العائلة، الاسم الأول للمؤلف، (سنة النشر )، عنوان الكتاب، رقم الطبعة، مدينة النشر، در النشر )، مثال:

شحاذة ، نعمان 2011، التحليل الإحصائي في الجغرافية والعلوم الاجتماعية، عمان – الأردن، دار صفاء للنشر والتوزيع.

ج. أما الدوريات: فيبدأ بذكر الاسم الأخير للمؤلف، ثم بقية الاسم كاملاً، ثم توضع سنة النشر بين حاصرتين. ثم عنوان البحث. ثم اسم المجلة غامق، ثم مكان صدورها، ثم رقم المجلد، ثم رقم العدد، ثم أرقام الصفحات.

14. يستشهد الباحث ببحثين على الأقل منشورين في مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية
15. عمل استلال للبحث في مركز الحاسبة الصادر من رئاسة الجامعة.
16. على الباحث دفع أجور النشر البالغة: (150.000) مائة الف دينار عراقي واذا زاد عدد الصفحات عن (25) خمس وعشرين صحيفة فسوف يتم استيفاء الأجور بواقع (5.000) خمسة الاف دينار لكل صفحة.
17. تجري هيئة تحرير المجلة التقييم الأولي للبحث، ثم يُعرض على محكّمين من ذوي الخبرة العلمية في مجال التخصص، وتلتزم المجلة بإخطار الباحث بالقرار النهائي بشأن الموافقة على النشر من عدمها على أن يلتزم الباحث بإجراء التعديلات التي قد يطلبها المحكمون من أجل إجازة البحث أو الدراسة للنشر في المجلة.
18. ترسل البحوث وجميع المراسلات المتعلقة بالمجلة الى موقع المجلة.

## فهرست البحوث المنشورة

### بحوث علوم القران


| ت | عنوان البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | آثار الإلحاد المعاصر في حياة المجتمعات وسبل الوقاية منه | تغلب خليل إبراهيم<br>أ. د. محمد خليل إبراهيم | 1-45 |


### بحوث العلوم النفسية و التربوية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | أثر أنموذج التعلم ثنائي الموقف في تحصيل طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة القرآن الكريم والتربية الاسلامية وتنمية تفكيرهم المنظومي | م. م علي حسين عبدالله إبراهيم | 46-76 |
| 2 | إثر استراتيجية حوض السمك في تجهيز معلومات طلاب الصف الخامس الأدبي في مادة التاريخ وتنمية تفكيرهم الجانبي | م. د اسماعيل حماش جاسم | 77-113 |


### بحوث الجغرافية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تأثير السدود على التنمية الريفية المستدامة، دراسة حالة سد شيان، محافظة كرمانشاه، إيران | اثير عزمي<br>ديدار اسود علي<br>طيب طالب حمه خان | 114-141 |

## بحوث التاريخ


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | **النتاج العلمي لعلماء المغرب العربي والأندلس في حقل التأليف من خلال كتاب وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان لابن خلكان (ت 681هـ/1282م)** | ساهرة فاضل عواد شَشو<br>أ. د. عذال إبراهيم حسين | 142-183 |
| 2 | **السياسة البريطانية تجاه مصر 1914- 1936 دراسة تاريخية** | م.م مدحت حماش جاسم | 184-211 |
| 3 | **تلوث مياه شط العرب بنفط شركة النفط الانكليزية- الفارسية وانعكاسه على العلاقات العثمانية-البريطانية قبل الحرب العالمية الاولى دراسة من خلال الوثائق** | ا. م. د. عيدان شبيب سليم الصباحي | 863-885 |


## بحوث اللغة التركية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | تحليل قصيدة " بيتنا القديم" للشاعرة نسرين أربيل | ايلاف سالار أنور<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 212-236 |
| 2 | دراسة مقارنة بين الأمثال التركية والكردية | م.م. ايمان ازاد صادق | 237-257 |
| 3 | دراسة حول المساهمة التاريخية للسلطان مظفر الدين كوكبورو في أربيل | أيناس سالار أنور<br>د. نازناز به هجه ت توفيق | 258-272 |
| 4 | اللواحق الظرفية في اللغة التركية واللهجة البهدينية للغة الكردي | حلبشيما محمد شريف<br>د. گـۆران صلاح الدين شكر | 273-298 |
| 5 | مقارنة بين الصوامت التركية والتركمانية العراقية اربيل اتموذجا | زينب صديق صابر<br>أ.م.د.حازم برهان نجار | 299-327 |
| 6 | التدهور الاجتماعي والأخلاقي في قصائد رضا چولاك أوغلو | نازناز عدنان سمين<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 328-364 |
| 7 | دراسة اجتماعية وسياسية حول قصة "مجه حمال" لكمال بياتلي | هدى أبراهيم مصطفى<br>أ.م. گـۆران صلاح الدين شكر | 365-389 |

## بحوث اللغة العربية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | اثر استراتيجية صندوق الحروف القائمة على التعلم النشط في تنمية مهارات القراءة لدى تلميذات الصف الثاني ابتدائي | م. د. علي احمد حسين حمد السبعاوي | 390–429 |


## بحوث اللغة الانكليزية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | الديستوبية القوطية لفيليب ريدلي: صدمة الطفولة وعالم ما بعد 11 سبتمبر | م.م.آلاء موفق مصطفى الخزرجي | 430–457 |
| 2 | موضوعة الأرض الخراب في قصيدة "العواء" لألين غينسبرغ | ا.م.د حسين كاظم جلاب | 458–472 |

## بحوث اللغة الكردية


| ت | اسم البحث | الباحث | رقم الصفحة |
|---|---|---|---|
| 1 | المبادئ الأيديولوجية اللغوية في بنية اللغة الكردية | أ.م. ادريس حمەمراد مجيد<br>أ.د. كاروان عمر قادر | 473-500 |
| 2 | التمرد فى الشعر عبدالله بشيو | احمد صادق خورشيد<br>أ.م.د.عزالدين صابر محمد | 501-524 |
| 3 | (القضايا والإشكاليات الاجتماعية في روايات عطا محمد) | وريا برهان نورى<br>م. د. آشتى حسين عارف | 525-548 |
| 4 | أسباب التشاؤم في أشعار أحمد هردى | أمجد رحمان قادر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 549-582 |
| 5 | معالجة اللغة في معجم عقلي ثنائي اللغة | م. د. باخان سرحد عبدالرحمن<br>م. د. تانيا إسماعيل حمه امين | 583-624 |
| 6 | انعكاس الصراع النفسي في رواية بختيار علي (قصر الطيور الحزينة) | افين عبد القادر خليفه<br>ا.م. كويستان جمال سلام | 625-652 |
| 7 | المدح في الشعر الكردي عند الشيخ رضا الطالباني | جيكر قادر عمر<br>أ.د. سردار أحمد كردي | 653-681 |
| 8 | عنصر المكان و الغرابة في روايتي هيوا قادر (القصر الأحمر و طفل علئ القمر) | ريباز قادر ياسين<br>أ.د. مهدي فاتح عمر | 682-713 |
| 9 | اكتساب اللغة وتعلمها عند الطفل في لهجة السليمانية والهورامية | م . سالم حسن عەزيز<br>ا. د. بەكر عمر على | 714-750 |
| 10 | تعلم اللغة الثانية من خلال الصور الذهنية(اللغة الانجليزية نموذجآ) | آ.د.عبدالواحد مشير محمود<br>د.ڕێژنه سيف الدين حسن | 751-778 |
| 11 | التاريخانية الجديدة" وتطبيقاته في رواية "نيشتمانى سارا" لـ 'ميران ابراهام' | م. كانياو بكر عبدالله<br>ا. د.شنۆ محمد محمود | 779-807 |
| 12 | عملية التسمية في الحفاظ على اللغة الكردية | هيمن محمود قادر<br>ا.م.د. مصطفى رضا مصطفى | 808-862 |

مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني - الجزء الاول - ايلول 2025

Kirkuk University Journal of Humanities Studies

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq

*DOI: 10.32894/1992-1179.2025.161429.1237*

Date of research received 12/06/2025, Revise date 23/06/2025 and accepted date 01/07/2025

# Praise in the Kurdish poems of Sheikh Raza Talabani

**Jegr Qadir Omer**

**Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi**

## Abstract:

Literature can be considered an essential part of the culture, identity, and development of the majority of the nations in the world. In other words, ancient literature and the works of poets of any nation are a constitutional part of its history Conducting research on any literary topic and its aspects is significant and valuable, particularly regarding a specific poet. Thus, this research is devoted to the “praise in the Kurdish poems of Sheikh Raza, as no independent studies have been conducted about him; all available information comes from brief literary books.

Praise is a poetic aim that means to promote, describe, exalt, and attractively present a subject, phenomenon, or personality, as it contrasts with the aim of destruction. Out of respect, love and admiration for a personality, the poet utilizes the highest attributes in the content of the poetic text related to that individual. Praise, like any other poetic content,is connected to specific causes and effects. It possesses distinct principles and characteristics within the content of poetic texts and manifests in various forms. Historically, praise is associated with scriptural content. It expresses the poet's fondness and affection for a historical, religious, or social figure,

so any poetic text with a praiseworthy intention depicts the positive and exemplary aspects of that figure. Besides exploring the facets and poetic purposes of this poet,this research uncovers all the unidentified dimensions of this poetic purpose and the poet's rejection of courtship.

**Keywords:** Sheikh Reza, praise, characteristic, language, type, purpose.

# المدح في الشعر الكردي عند الشيخ رضا الطالباني

جيكر قادر عمر[1]

أ.د. سردار أحمد كردي[2]

## الملخص

الأدب جزء أساسي من الثقافة والتنوير والهوية وتقدم معظم شعوب هذه الأرض، وبمعنى آخر فإن الأدب القديم وإنتاج شعراء كل شعب وأمة يشكل جزءاً لا يتجزأ من تاريخها، إن البحث حول أي موضوع وجانب من جوانب الأدب له أهميته وقيمته الخاصة، خاصة في إطار دراسة شاعر محدد، لذا خُصص هذا البحث لدراسة "المدح في الشعر الكردي عند الشيخ رضا الطالباني"، نظراً لعدم وجود دراسة مستقلة حول هذا الموضوع، فما هو موجود يقتصر على إشارات مقتضبة في الكتب الأدبية.

المدح: هو ذلك الغرض الشعري الذي يعني الإعلاء والوصف والإطراء وإظهار جمال موضوع أو ظاهرة أو شخصية معينة، وهو نقيض غرض الهجاء. فالشاعر بدافع الاحترام والمحبة والإعجاب بالشخصية يضفي عليها كل صفات العلو والعظمة ويرفع من شأنها. وكأي مضمون وغرض شعري آخر، فإن وجوده مرتبط بمجموعة من الشروط والعوامل، وله أسس وخصائص تميزه في مضمون النص الشعري، ويتجلى بأشكال متنوعة. فالمدح هو التعبير عن عاطفة ومشاعر حب الشاعر تجاه شخصية تاريخية أو دينية أو اجتماعية، لذلك فإن كل نص شعري يحمل غرضاً ومضموناً مدحياً يصور الجانب الإيجابي والمثالي للشخصية.

تهدف دراستنا إلى تسليط الضوء على جميع الجوانب وكيفية انعكاس وإظهار هذا الغرض الشعري في أشعار الشيخ رضا. من خلال نتائج تقييم وتحليل الأشعار، يمكننا الوصول إلى جميع الجوانب الخفية لهذا الغرض الشعري ونفي الادعاءات حول خروج الشاعر عن المألوف.

الكلمات المفتاحية: الشيخ رضا، المدح، الخصائص، اللغة، النوع، الغرض.

# ستایش لە شیعرە کوردییەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) دا

جێگر قادر عومەر

پ.د.سەردار ئەحمەد گەردی

## پوختە:

ئەدەب بەشێکی سەرەکییە لە کلتورو ڕۆشنبیری و ناسنامە و بەرەوپێشچوونی زۆربەی گەلانی سەر ڕووی ئەم زەمینە، بە واتایەکی تر ئەدەبیاتی کۆن و بەرهەمی شاعیرانی هەر گەل و میللەتێک، بەشێکی دانەبڕاوە لە مێژووەکەی، توێژینەوە دەربارەی هەر بابەت و لایەنێکی ئەدەب گرنگی و نرخ و بەهای خۆی هەیە، بە تایبەت لە چوارچێوەی شاعیرێکی دیاریکراودا، بۆیە ئەم باسە بۆ (ستایش لە شیعرە کوردییەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا تەرخانکراوە، چونکە هیچ کارێکی

[1] جامعة صلاح الدين، كلية التربية مخمور، قسم اللغة الكردية، jegr.omer@su.edu.krd

[2] جامعة صلاح الدين، كلية التربية أربيل، قسم اللغة الكردية، dr.sardargardy@gmail.com

سەربەخۆی لە بارەیەوە نەکراوە ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی کتێبە ئەدەبییەکاندایەو بە شێوەیەکی کورتە.

ستایش: بریتییە لەو مەبەستە شیعرییەی، کە بە واتای بەرزکردنەوەو وەسفکردن و پیاهەڵدان و جوان نیشاندانی بابەت و دیاردەیەک یان کەسایەتییەک دێت، بە پێچەوانەی مەبەستی داشۆرینە، شاعیر بەهۆی ڕێزو خۆشەویستی و سەرسامبوون بە کەسایەتییەکەوە هەرچی سیفاتی بەرزو گەورەییە دەیخاتە پاڵی و بەرزی دەکاتەوە، وەک هەر ناوەڕۆک و مەبەستێکی تری شیعری بوونی بە کۆمەڵێک مەرج و هۆکارەوە پەیوەستە، بنەماو خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە لە ناوەڕۆکی دەقی شیعریدا، بە شێوازی جۆراوجۆر بەرجەستە دەبێت، ستایش بریتیە لە گوزارشتکردنی سۆزو هەستی خۆشەویستی شاعیر بەرامبەر بە کەسایەتییەکی مێژوویی یان ئاینی و کۆمەڵایەتی، بۆیە هەر دەقێکی شیعری، کە مەبەست و ناوەڕۆکێکی ستایش ئامێزی هەیە، لایەنی ئەرێنی و نموونەیی کەسایەتییەک وێنا دەکات.

توێژینەوەکەمان بە ئامانجی ئەوەیە تیشک بخەینە سەر گشت لایەنەکان و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەو دەرخستنی ئەم مەبەستە شیعرییە لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا.

لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی شیعرەکان، دەتوانین بگەین بە سەرجەم لایەن نادیارەکانی ئەم مەبەستە شیعرییەو ڕەتکردنەوەی دەرباربوونی شاعیر.

**کلیلە وشەکان: شێخ ڕەزا، ستایش، خاسیەت، زمان، جۆر، مەبەست.**

## پێشەکی :

لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، کە چاو بە قۆناغە جیاوازەکانیدا دەخشێنین، زۆر شاعیرو کەسایەتی کاریگەرو ناودار دەبینین نەوەکو هەر لە سەردەمەکەی خۆیدا لە دوای خۆیشی کاریگەری بەجێهێشتووە و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانیدا دەکرێ و خوێندنەوەی تازەی بۆدەکرێ و پەی بەقووڵی بەرهەمەکانی دەبرێت، شێخ ڕەزا یەکێکە لەو شاعیرە گەورانەی، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ژیاوە، بە هەر چوار زمانی (کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی) شیعری هۆنیوەتەوە، سەرەڕای هەمەچەشنی ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی دەکرێت بە ڕابەرو مامۆستای هەردوو مەبەستی شیعری (ستایش و داشۆرین) دابندرێت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا.

**ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی:** ( ستایش لە شیعرە کوردییەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دایە توێژینەوەیەکە لەسەر شیعری ستایش، کە یەکێکە لە مەبەستە گرنگەکانی شیعری کلاسیکی کوردی.

**سنوری توێژینەوەکە:** بریتیە لە شیعرە کوردییەکانی شێخ ڕەزا بۆ ئەوەی بتوانین مافی تەواو بەو دەقە شیعرییانە بدەین، زیاتر بپرژێینە سەر توێژینەوەکەمان و بگەین بە چەند ئەنجامێکی وردو زانستی.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** کارکردن لەم توێژینەوەیە بەو ئامانجە زانستییەیە، کە بتوانین لایەنێکی دەستبۆنەبراو لە ئەزموونی شیعری (شێخ ڕەزا)دا بخەینەڕوو، گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە هەوڵمانداوە بێلایەنانەو بابەتیانە تیشک بخەینەسەر گشت لایەنەکان و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەو دەرخستنی ئەم مەبەستە شیعرییە لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا)دا.

**کێشەی توێژینەوەکە:** ئەو کێشەیەی کە توێژینەوەکە هەوڵدەدات چارەسەری بکات، بریتیە لە ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە نادیارە لە شیعرەکانی شاعیردا، هەروەها ڕەواندنەوەی تەمی دەرباربوونی (شێخ ڕەزا) خاڵێکی تری گرنگی ئەم توێژینەوەیەمانە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** هەرچی سەبارەت بە میتۆدی توێژینەوەکەیە لەمیانەی هەوڵەکانماندا بۆ زیاتر ڕێکخستنی کارەکانمان پەیڕەوی میتۆدی (وەسفی-شیکاری)مان کردووە، بەهۆی تایبەتمەندی توێژینەوەکەو وبە پێی دابەشکردنی بابەتەکان بە مەبەستی زیاتر کەمکردنەوەی کەموکوڕییەکان.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لە پوختە و پێشەکی، کە سەرەتایەکە بۆ چوونە باسەکەوە، دابەش دەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم : لایەنی تیۆری توێژینەوەکەیە پێکهاتووە لە دوو تەوەر، تیایدا باسمان لە چەمک و زاراوەی ستایش، خاسیەتەکانی ئەم مەبەستە شیعرییە کردووە، بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، باسمان لە زمانی شێخ ڕەزا لە ستایشدا کردووە، دواتر ئاماژەمان بە جۆرەکانی ستایش کردووە لەلای شاعیر، ئینجا مەبەستەکانی (ستایش)مان ئاماژە پێکردووە لە لای شاعیر، بۆ پشت ئەستووری بۆچوونەکانمان. نموونەو بەڵگەی پێویستمان خستۆتەڕوو. ئینجا بە گەیشتن بە چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان کۆتاییمان بە توێژینەوەکە هێناوە.

## 1-1. چەمک و زاراوەی ستایش:

چەمکی ستایش:

(ابن رشیق) پێیوایە لەڕووی مێژووییەوە ستایش وەکوو جۆرێکی شیعری بۆ سەردەمی جاهیلی بگەڕێتەوە، بەڵام لە سەردەمی عەبباسییەکان گەشەی کردووە."(ابن رشیق، 1988، 24) لە ئەدەبی فارسیدا ستایش وەکوو جۆرێک لە شیعری دەربار لە سەردەمی غەزنەوییەکاندا سەریهەڵداوەو بە تایبەتمەندییەکی هەرە سەرەکی و گرنگی سەبکی ئەدەبی خوراسانی دادەنرێ."(کدکنی، 1370، 105) ستایش لەڕووی

ناوەڕۆکەوە پەیوەندی بە بابەتی ڕەوشتی، دینی، سیاسەت و دەربار و کۆشکی پاشاکانەوە هەیە.

بنەڕەتی دەرکەوتنی ئەم جۆرە شیعرە بۆ گرنگیپێدانی کۆشک و دیوانی پاشاکان دەگەڕێتەوە، کە گرنگییان بە شیعر و شاعیران داوە و ئەو شیعری جوان و ڕازاوە سەبارەت بە پاڵەوانێتی و دەستکراوەیی و لێزانی و دەوڵەتمەداری و سیاسەتزانی پاشا بهۆنێتەوە خەڵات دەکرا، بۆیە (عبدالحسین زرینکوب) پێیوایە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی شیعری دەرباری، بابەتی ستیاشکردنە"(زرین کوب، 1379، 84). لەڕووی هونەری شیعرییەوە ستایشکردن لە بنەڕەتدا لە قاڵبی قەسیدەدا پێشکەش کراوە و سەبارەت بەم بابەتە نووسراوە: "ستایش ناوەڕۆکی سەرەکی قاڵبی قەسیدەیە و بابەتی ستایشکردن بریتییە لە ستایشی پێغەمبەر، خولەفای ڕاشدین، کەسایەتییە ناودار و پیرۆزەکان، دەبێ لە ساتیشکردندا ستایشکراو زۆر گەورەتر لەوەی هەیە وێنابکرێ."(شمیسا، 1379، 240) بەپێی ئەم پێناسەیە ستایشکردنی دەبێ لە قالبی شیعری قەسیدەدا پێشکەش بکرێ و لەڕووی ناوەڕۆکەوە دەبێ پەسنی کەسایەتییەکی پیرۆزی دینی یان پاڵەوانێکی نەتەوەیی یان پاشا و وەزیر و کەسانی خانەدان بکا و لە وەسف و پەسن و پێداهەڵداندا، کەسی پێداهەڵگوتراو زۆر لەوەی کە هەیە مەزنتر وێنادەکرێ.

لە زمانی کوردیدا وشەیەکە بەرامبەر بە وشەی (مەدح) ی عەرەبی بەکارهاتووە، کە مانای بەرزکردنەوەو پیاهەڵدان و و بژمێرکردنی سیفات و ئاکارە باشەکانی کەسێک یان شتێک دەدات.

زاراوەی ستایش: لە ئەدەبدا وەکوو زاراوەیەک بۆ دەسنیشانکردنی جۆرێکی شیعریی بەمەبەستی دیاریکردنی ناوەڕۆک و بابەتی شیعری بەکارهاتووە. لە زمانی عەرەبیدا بەشێوەی (مدح) هاتووە و لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا بەم چەشنە ماناکراوە: ستایش واتا پێداهەڵدانی کەسێک بەهۆی تایبەتمەندییە باشەکانییەوە."(ابن منظور،

1405، 827) لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (مدح) بۆ ستایش بەکاربراوە و لە فەرهەنگە فارسییەکاندا وەکوو (دهخدا) و (معین) بەم چەشنە ئەم زاراوەیە لێکدراوەتەوە: مدح، ستایشکردن، وەسفکردن"(معین، 1383، 312). لە فەرهەنگە کوردییەکانیشدا زاراوەی ستایش یان ستایشت بەکارهاتووە. بۆ نموونە لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا ئەم زاراوەیە بەم جۆرە لێکدراوەتەوە: ستایشت، مەحت، تاریف،



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

پەسن."(شەرەفکەندی، 1388، 412). لە فەرهەنگی کوردستاندا بەژێر ناونیشانی ستایشدا هاتووە: پەسن، ستایشکردن، هەڵگۆتن، پێداهەڵدان.(روحانی، 1388، 773). ستایش وەکوو زاراوەیەکی ئەدەبی نیشاندەری جۆرێک شیعرە، کە لە ناوەڕۆکەکەیدا پێداهەڵدانی کەسانی دیار و ناسراو کراوە و لەڕووی ئەدەبییەوە خاوەن ئەدگاری تایبەت بەخۆیەتی و وەکوو هونەرێکی شیعری گرنگ پێناسەی زۆری کراوە.

**2-1. خاسیەتەکانی شیعری ستایش :**

ئاشکرایە هەر بابەت و مەبەستێکی شیعریی کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە، جیای دەکاتەوە لەگەڵ هەر بابەت و مەبەستێکی تر، لە ڕێگەی ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییانەوە دەتوانین بابەت و مەبەستە شیعرییەکان لە یەکتری جیا بکەینەوە، ئەو خاسیەتانەش خۆی لە هەردوو لایەنی ڕوخسار و ناوەرۆک بەرجەستە دەکات، بابەتی شیعری ستایش و پیاهەڵدانیش وەک یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی شیعری کوردی کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە گرنگترینیان بریتین لە:

**1- زێدەرۆییکردن:** یەکێک لە خاسیەتەکانی شیعری ستایش و پیاهەڵدان بریتییە لە زێدەڕۆییکردن لە وەسف و ستایش و پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی کەسی ستایشکراو بە جۆرێک ئەدگارو سیفاتەکانی لە قەبارەی ئاسایی زۆر زیاتر و گەورەتر نیشاندەدرێت. بەڵام ئەو زێدەڕۆییکردنەش بە جۆرێکە، کە دەچێتە خانەی ستاتیکای(جوانیناسی) هونەری، کە لەلای گوێگر و خوێنەر شتێکی قبوڵکراو دەبێت، نموونە لێکچواندنی چاکی و سەخاوەتی کاک ئەحمەدی شێخ لە ڕووی ڕێژەییەوە بە بارانی هەوری نیسان (بەهار) کە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆرو بە لێزمە دادەبارێت و دەشت و دەر ئاودێر دەکات و دەیژیێنێتەوە.

**2- بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی:** یەکێکی تر لە خاسیەتەکانی شیعری ستایش بریتییە لە بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بە هەرسێ لقەکەیەوە، کە بریتین لە (ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی)، ئەمەش زیاتر بۆ تۆکمەکردن و ڕازاندنەوەی ئەو بیرو مەبەستەی بۆ ستایشکراو دەردەبڕدرێت، هەروەها بۆ دروستکردن و هێنانەکایەی، وێنەی شیعری ناوازە، کە لە ئاستێکی هەرە بەرزو باڵای هونەری دابێت.



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

**3- مۆسیقا:** لە بابەتی ستایشکردندا شاعیر گرینگی زۆر بە مۆسیقای ناوەو دەرەوەی شیعر دەدات، ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیک و هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، کە لە دروست بوونی هەنگاوەکان (تفعیلە) و
سەرواو پاش سەروای شیعرەکان دا بەرجەستەی دەکات، بۆ ئەوەی جۆرە ئاوازێکی دلڕفێن و خۆش دروستبکات و بە هۆیەوە ستایشکردنەکە کاریگەری لەسەر گوێگر و خوێنەر دروست بکات.

**4- زمان:** خاسیەتێکی تری شیعری ستایش بریتییە لەوەی لە ڕووی زمانەوە، بە زمانێکی بەرزی هونەری گوزارشت لە ستایشکراوەکە بکرێت، واتە دوور لە زمانی بازاڕی و بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت و پڕ لە وشەو دەستەواژەی هونەری، کە هەڵگری سیفاتی بەرزی دلێری و نان بدەیی و ڕەوشت و ئاکاری جوانن.

**5- قاڵبی شیعری:** قاڵبە شیعرییەکان لە بواری شیعری ستایشدا زیاتر غەزەل و قەسیدەیە نەوەک تاک بەیت و چوارین، ئەمەش بە هۆی وەسفکردن و پیاهەڵدانی زۆری کەسی ستایشکراو، بۆیە شاعیر ئەو قاڵبە شیعرییانە زیاتر بەکاردەبات کە بوارو مەودای دەربڕینیان فراوانترە بە بەراورد بە قاڵبە شیعریەکانی تر، کە جۆرێک لە کۆت و بەندی تێدایە بۆ دەربڕینی وەسفکردن و ستایشی زۆر. واتە بە پێچەوانەی بابەتی داشۆرینە، کە بە هۆی کورتبڕییەوە زیاتر لە قاڵبی تاک بەیت و چوارین دەردەبڕدرێت.

**6- لە ڕووی ناوەرۆکەوە:** مەبەست و ناوەرۆکی شیعری ستایش زیاتر بە وەسفکردن و ستایشکردن و پیاهەڵدان و خستنەڕووی شەڕو دلێری پاڵەوانییتی جەنگاوەر و سەرکردەکانەوە پەیوەستە، ئەمەش بۆ ئەوەیە خەڵک و گوێگر بەم ئاراستەیە پەروەردەبکرێن، لە ڕووی دەروونییەوە بە جەنگاوەرو پاڵەوانەکان کاریگەر بن و وەک نموونەیەکی باڵای کۆمەڵگا سەیر بکرێن.

**7- ئاوێتەکردن و شوێن گۆڕکێ:** یەکێکی تر لە خاسیەتەکانی شیعری ستایش بریتییە لە ئاوێتەکردنی وێنەی ئەو کەسایەتییانەی، کە وەسف و ستایش دەکرێن بە وێنەی پاڵەوانان و کەسایەتییە ئەفسانەییەکان و کەسایەتییە مێژووییەکان لە بوارەکانی ئاینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و قارەمانییتی و ڕۆڵ گۆڕینەوەیان، واتە لە شوێنی ئەوەی کەسی ستایشکراو بە پاڵەوانێکی مێژوویی بچوێندرێت، ستایشکراوەکە ئەوەندە بەرزدەکرێتەوە پاڵەوانە مێژووییەکە بە ستایشکراوەکە دەچوێندرێت، ئەمەش لە ڕێگەی هونەری (لێکچواندنی ئاوەژوو)ەوە دەکرێت شاعیر شوێن گۆڕکێ بە لێچوو و لەوچوو

دەکات، ئەمەش لەبەرئەوەی، پێی وایە بەو شوێن گۆڕکێیە وێنە لێکچواندنەکە کاریگەرتر دەبێت.

**8- بەکارهێنانی ڕەمز:** بەمەبەستی بەرزکردنەوەو پیاهەڵدانی کەسی ستایشکراو شاعیر هەڵدەستێت بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕەمزی ئاینی و مێژوویی ونەتەوەیی، کە گوزارشت لە خوداپەرستی و گەورەیی و چاکەکاری و باشی و بەرزی و کۆڵنەدان و قارەمانییتی و دلێری کەسایەتییەکان دەکات، لە نێو زۆربەی میللەتە جیاوازەکاندا.

**2-1. زمانی شێخ ڕەزا لە ( ستایش ) :**

زمان لە هەر دەقێکی شیعریدا لە بنەڕەتدا زمانێکی هونەرییە و هەڵگری کۆمەڵێک خەسڵەت و ڕەگەزە، کە لە جۆرو بابەتەکانی تری ئەدەبی جودای دەکاتەوە، بەو پێیەی تایبەتمەندی و سروشتی ستایش بریتییە لە بەرزکردنەوەو پیاهەڵدان و نیشاندانی ئاکاری باشی کەسی ستایشکراو، بۆیە لە ستایشدا گرنگی زۆر دەردرێ بە لایەنی زمانی و هەڵبژاردنی وشەو زاراوەکان و ڕێککەوتن و گونجانی ئاوازەکانیان لەگەڵ یەکتر، بە جۆرێ تەنانەت شاعیر ئاگادارو هۆشیارە لەوەی هەر دەنگێک لە دەنگەکان لە شوێنی گونجاو و دیاریکراو دادەنێت، ئەم سیفەتەش بە گشتی بەسەر هەموو بابەتەکانی شیعری گۆرانیدا دێتەدی، بەڵام شیعری ستایش و پیاهەڵدان پێویستی زیاتری بەم هەستیاری و ئاگادارییە هەیە. "چونکە لەسەر شاعیر پێویستە تا پێی بکرێ پیاهەڵدانەکەی قوڵ و بەرفراوان بێ و وێنەی قەشەنگ دابهێنێ، سەرباری واتای بەرزی بۆ هێنانەدی کاریگەری، دەبێ هونەری پیاهەڵدان لەوپەڕی ڕەوانبێژی و دەربڕینی بەرزو جوان بێ، ڕوون و پتەو و داڕشتنەکانی سەرنجڕاکێش بن، جگە لە گرینگیدان بە مۆسیقاو بەشەکانی ئاخاوتن و فیکرو بۆچوونی نایاب و سەنگین و لۆژیکی تەواو، تێگەیشتنێکی تەواو دروست لە چەمکی مەردایەتی و سوارچاکی و سیفاتی مرۆڤی دادپەروەر و ڕەوشت بەرز. "(قادر، 2009، 41-42). بەسەرنجدان لە شیعرە ستایشەکانی شێخ ڕەزادا دەتوانین دەستنیشانی زۆربەی ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییانە بکەین، کە لە شیعرە ستایش و پیاهەڵدانەکانی بۆ شارو هاوڕێ و کەسایەتییە ئاینی و نەتەوەییەکان و هۆزو (بنەماڵەی بابان)ەکاندا کردوویەتی.

زمانی ستایش لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا)دا دەکرێت بڵێین زمانێکە لە بازنەی یان لە دەوری هەردوو بواری (نەتەوەیی و ئاینی)دا دەخولێتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە لەوانە: بوارە ئاینییەکە، پەیوەندی بەوەوە هەیە شێخ ڕەزا هەر وەک زۆربەی شاعیرانی تری کلاسیکی کوردی پەروەردەی مزگەت و تەکیەکان بووە،



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

خۆشی لە بنەماڵەیەکی ئاینی بووە، خوێندنی بابەتە ئاینییەکانیش لە مزگەوت و تەکیەکاندا لە چوارچێوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ)بووە. لە پاڵ ئەمەشدا گرنگیدان بەخۆشەویستی خوداو پێغەمبەر(د.خ) و کەلتوری ئاینی و مێژووی ئیسلام و چیرۆک و بەسەرهاتە ئاینییەکان و ڕەمزە ئاینییەکان جێگەی بایەخ پێدان بووە، بۆیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شیعرە ستایشەکانیدا کۆمەڵێک ڕەمزی ئاینی و موفرەداتی ئاینی بە زمانی عەرەبی گوزارشت لە چاکەو سەخاوەت و دادپەروەری دەکەن دەبینین، کە ڕەنگدانەوەی ئەم پەروەردەبوونەی شێخ ڕەزایە.

سەبارەت بە بوارە نەتەوەییەکەش، ئاشکرایە کوردستانی سەردەمی شێخ ڕەزا، سەردەمی تێکچوونی میرنشینە ناوخۆییەکان و چەسپاوی پێوەندی دەرەبەگی و بەهێزبوونی دەسەڵاتی عوسمانی بووە، لە هەمان کاتیشدا سەردەمی چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی و بەرپابوونی شۆڕشی میللی و تاڵانکردن و
ماڵ وێرانکردنی کۆمەڵانی خەڵک بووە لە لایەن حوکمڕانی عوسمانییەکانەوە. "(ڕەسوڵ،1984، 89). ڕووخانی میرنشینی بابان بووە هۆی ئەوەی تاکی کورد هەست بە غەدرو زوڵمی داگیرکەران بکات و ئیتر هەستی سەربەخۆیی و ناسۆنالیستی کوردی زیاتر پەرەی سەند و ئەم هەستی نەتەوەیی بوونە لە فۆرم و ناوەرۆکی شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، هاوشێوەی بوارە ئاینییەکە لە شیعرەکانیدا کۆمەڵێک ڕەمز و موفرەداتی نەتەوەیی لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت، لە ئاوات خواستن بە دەورو سەردەمی میرنشینی بابان وستایشکردنی چاکە خوازی و دادپەروەری کەسایەتییە نەتەوەییەکان و کارو کردەوەی میرانی میرنشینی بابان دا.

بۆیە دەبینین وشەو واژەکانی ستایش لە شیعرەکانی شاعیر بە هەمان شێوە وشەو دەستەواژەیەکن هەڵگری سیفاتی بەرزی ئاینی و نەتەوەیین و لە چوارچێوەی بواری ئاینی و نەتەوەیی دا دەخولێنەوە. وەک: ( قوتبی مەدار، حاجی لە تەواف، ئیمامی ئەعزەم، سوکنای غەوس، قودوەتی سادات، سوککانی سەماوات، عەرشی موعەلا، نەمەحکومی حەجەم، نە سوخرە کێشی ئالی عوسمان، مەردی مەیدان، مەلیکی میللەتی کوردان، شێری جەنگاوەر، مەنبەعی ئەمن و ئەمان، حاتەم،هتد...) ئەم واژەو دەستەواژانەش سەلمێنەری ئەوەن زمانی شیعری شێخ ڕەزا لە ستایشدا زمانێکە لە دەوری بواری (ئاینی و نەتەوەیی) دا دەخولێتەوە.

شاعیر زۆر بە لێهاتوویی و هونەرمەندانە زمانی بە بڕشتی خۆی خستۆتە خزمەتی ئەو شیعرە ستایشانەی، کە کردوویەتی، بۆیە شیعرەکانی جێگای ڕێزو

شانازین و دەبێ بە هەند هەڵبگیرێن و بە چاوێکی بەرز و گرانبەها سەیربکرێن، تەنانەت ئەگەر هاتوو شاعیر لەو مەیدانەدا زێدەڕۆیشی کردبێ ناکرێ و ناشێ بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو ستایشانە بکرێت. "چونکە ئەو کاتە دەبێ بە چاوی گومانەوە سەیر بکرێن ئەگەر هاتوو سیفاتی ستایشکراوەکە، یان شتە وەسفکراوەکە بە وەسفی جوان لەگەڵ حەقیقەتی تەواو پێچەوانەبن. واتە سیفاتی پایە بەرزی و فەزیلەت بدەینە پاڵ کەسێک یان شتێکی بێ بەهاو پوچ و ناساز و نا ڕەسەن"(قادر،2009، 45). ئەم دیاردەیەش لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا)دا بەدی ناکرێت، بەڵکو کەسایەتی ستایشکراو لای (شێخ ڕەزا) وێنەو پێگەیەکی دیاری لە نێو کۆمەڵدا هەیە، بۆیە شێخ ڕەزا زۆر هونەرمەندانە گرنگی بە هەموو وردەکارییەکانی زمان داوە لە شیعرە ستایشەکانیدا، بە تایبەت لە واژەو زاراوەکانی ستایشدا. ڕۆشنبیری و شارەزایی بە زمان و ئەدەبی نەتەوەکانی تر، یارمەتی شاعیری داوە، کە زاراوەکانی فراوانتر و مەیدانی شیعرەکانیشی بەرفراوانترو بەهێزتربن، بە شێوەیەکی گشتی شێخ ڕەزا لە خستنەڕووی ئەو سیفاتانە، کە دەیانخاتە پاڵ ستایشکراو دەیەوێ لایەنی ئازایەتی و سوارچاکی و نان بدەیی و چاکەو سەخاوەتی و دادپەروەرییان بخاتەڕوو، واتە هەموو واژەو سیفاتەکانی تریش هەر بە دەوری ئەم چەند سیفاتەدا دەسوڕێنەوە جا چ لە ستایشکردنیدا بۆ گشت و کۆمەڵ بێت، یان بۆ تاکە کەس و کەسایەتییەک بێت.

## 2-2. جۆرەکانی ستایش لە شیعرەکانی ( شێخ ڕەزا ) :

ستایش یەکێکە لەو بابەتە شیعرییانەی کە کۆمەڵێک خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بە هۆیەوە لە بابەت و جۆرەکانی تری شیعر جیا دەکرێتەوە، هەروەک لە پێناسەی ستایشدا ئاماژەی پێدراوە بەوەی "شیعری ستایش بریتیە لەو شیعرەی شاعیر تیایدا ستایشی کەسێکی ناودار، یان کەسێکی ئاینی، یاخود هەندێک جار ستایشی چاکەی خەڵکی شارو نەتەوەیەک دەکات"(حوسێن، مەولود،2018، 149). بە واتایەکی تر ستایش بریتیە لە ستایشکردن و پیاهەڵدان و بەرزکردنەوەی کەسایەتییەکی ئاینی یان کۆمەڵایەتی و سیاسی یان ستایشی شارو نەتەوەیەک و نیشاندانی خەسڵەتەت و ئەدگارە باشەکانیان، کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک سیفاتی بەرزی وەک قارەمانیەتی و دادپەروەری و چاکەخوازی و نان بدەیی دا خۆی دەنوێنێت. بە سەرنجدان لە شیعرەکانی شێخ ڕەزا چەند جۆرێک لە ستایشکردن بەدیدەکرێت وەک: ستایشی پیاوەتی و سەخاوەت و دەستکراوەیی چەند کەسایەتییەک، ستایشی ئازایەتی و دلێری هۆزو تیرەکان، ستایشی کەسایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ستایشی نەتەوەیی،


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

کە ستایشکردنی دەورانی حوکمڕانی میرنشینی بابان و بنەماڵەی بابان و سەردارانی ئەو بنەماڵەیە لەخۆدەگرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە بۆ هەریەکێک لەم ستایشانە نموونەی شیعری پێویست دەخەینەڕوو.

### 2-2-1. ستایشی پیاوەتی و سەخاوەت :

جۆرێکە لە بابەتی شیعری ستایش، کە لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا)دا ڕەنگیداوەتەوە، بریتییە لە ستایشکردنی ئەو کەسایەتییانەی کە کۆمەڵێک سیفاتی بەرزی مرۆڤایەتییان هەیە وەک سیفاتی پیاوەتی و دەستکراوەیی و دلێری و یارمەتیدانی کەسانی تر، شاعیر خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و سەرڕاست و قسەلەڕوو بووە، واتە هەجووی کاری نەشیاو و سیفاتی خراپی کردووە، لە بەرامبەریشدا ستایشی کاری باش و سیفاتی بەرزی مرۆڤایەتی کردووە، بە سەرنجدان لە شیعرەکانی، دەبینین بەشێکی زۆری ئەم جۆرە بەر بنەماڵە و کەسایەتییەکانی ئالی بابان دەکەوێت، ئەمەش دووبارە سەلمێنەری بەخشندەیی و چاکە و خزمەتکاری سەردارانی ئەم میرنشینە کوردییەیە بەرامبەر بە خەڵک و میللەتەکەیان. هەروەک شاعیر لەم شیعرەیدا بە جوانترین شێوە باسی بەخشندەیی و کەرەمی ئالی بابان دەکات و دەڵێت:

سائیل بە غینا نائیل ئەکا، بەخششی کەمتان
ئالی (بەبە)، یاخوا نەڕزێ دەستی کەرەمتان
هەر چەند بە مەسەل خەنجەری ئەڵماسە زوبانم
نابڕێ سەری موێ لە ئەدای شوکری نیعمەتتان
گیرفانی گەدای کردۆتە کانی جەواهیر
ئیکسری نیساری زەڕ و شاباشی درەمتان
ئێوەن بە حەقیقەت مەلیکی میللەتی کوردان
شایەنە زیارەت بکرێ خاکی قەدەمتان
ئینکاری حوقووقیان لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ
ئابائی فەرەیدوون فەڕو جەمشیدی حەشەمتان " (شێخ ڕەزا)

"شێخ ڕەزا ڕێزو خۆشەویستییەکی بێ پایانی بەرامبەر میرانی بابان هەبوو، ئەو ڕێزو خۆشەویستییەش لە هەستێکی نیشتیمانپەروەری و کوردپەروەرییەوە بوو، چونکە میرنشینی ئەو سەردەمەی بابان، ڕووناکییەکی گەش بوو لە کوردستانی خوارووودا."(تاڵەبانی،2001، 250). شاعیر لەم شیعرەدا بەشێوەیەکی هونەری زۆر جوان ستایشی چاکەو پیاوەتی و سەخاوەتی ئالی بابان دەکات، و هیوا دەخوازێت

دەستی کەرەم و بەخشندەییان نەڕژێت و هەر بمێنێت، لە بەرامبەر ئەو ستایش و بەخشندەییە زۆرەی میرانی ئالی بابان زمانی تیژی شاعیر، کە وەکو خەنجەری ئەڵماسە و دیارە سیفاتی ئەڵماسیش ئەوەیە هەموو شت دەبڕێت و سڵ لە هیچ شتێک ناکاتەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو چاکەو سەخاوەتییەی بابان ئەوەندە سوپاسگوزارە تەنانەت سەری موویەکیش نابڕێت، ئەو دەستکراوەییە بە شێوەیەکە (گیرفانی گەدا) چەند بێ پارەو نەبووە، کردۆتە کانی جەواهیرو بوژاندویەتییەوە، شاعیر ستایشکردن و پیاهەڵدانەکەی لەبەرامبەر ئەو بەخشندەییی و کەرەمە دەباتە ئاستێکی بەرزترو ئەم جارە بە مەلیکی میللەتی کوردان ناویان دەبات و خاکی بەری پێیان بە شتێکی پیرۆز دادەنێت و بە شایەنی ئەوەی دەزانێت زیارەت بکرێت، ئەو مەدح و سەناو بە پیرۆزکردنە لوتکەی ستایشکردن و پیاهەڵدانی شاعیرە بۆ پیاوەتی و سەخاوەتی ئالی بابان.

### 2-2-2. ستایشی ئاینی:

جۆرێکی تری ستایشکرنە، شاعیر چەندین شیعری لە پێناویدا هۆنیوەتەوە، تیایدا ستایشی کەسایەتییە ئاینییەکان و شێخ و ڕێبەرانی تەریقەت و ڕەمزە ئاینییەکانی پێ کردووە، نمونەی ئەم مەبەستە شیعرییەش بە ڕوونی لەم دەقەدا دەردەکەوێت، کە تیایدا ستایشێکی بەرزی کاک ئەحمەدی شێخ دەکات، کە "مەقامێکی تایبەتی هەبووە لە لای شێخ ڕەزا، وەکو شێخێکی گەورەی تەریقەتی قادری کە باوکی ئەو زاتە شێخ مارفی نۆدێ ئەو تەریقەتەی لە ناوچەی سلێمانی بڵاوکردەوە، بۆ شێخ ڕەزا پلەی ڕێزگرتنی لە دوای دامەزرێنەری تەریقەتەکە شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوەیە. "(خەزنەدار،2004، 303) هەروەک دەڵێت:

مەربووتە حەیاتم بە سولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بە سەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەو قودوەیی ساداتە، کە سوککانی سەماوات
شەڕیانە لەسەر سەجدە ئەبەر مەرقەدی پاکی
ئەو مەرقەدی والایە، کە وەک عەرشی موعەللا
مەحفوفە بە زوواری مەلەک دەوری شەباکی
بۆ دەست و عەسا نازگەکەی، داخە دەروونم
قوربانی عەسای دەستی دەبم سۆل و سیواکی
دونیا لە دوای حەزرەتی شێخ، زێڕ و زەبەن بێ
وەک تاجی کەی و جامی جەم و بەختی زوحاکی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

دەرحــەق بــە حــەفیدانی ئــەدەب لازمـــە زینـــهار
قـــوربـــانـــی حــەفیـــدانـــی دەبـم بـــاب و داکی
بـــەم حـالّـــە پـــەریشانـــەوە بـــاز ئەشهـەدوبـیللا
شیعـرت تـــەرەب ئـــەنگیـزە (ڕەزا) شـاعیری چـاکی " (شێخ ڕەزا )

به وردبوونەوە لەو شیعرەی (شێخ ڕەزا)دا لە پاڵ بایەخدانێکی تەواو بە زمان و داڕشتن و هەڵبژاردنی وشەکان، هەروەها وردەکارییەکی جوانیشیان پێوە دیارە، کە هەستی سۆزی خۆشەویستی ڕاستگۆیانەی شاعیری تیا دەردەکەوێت، شاعیر لە دێری یەکەمی شیعرەکەیدا گیانی خۆی بابەند و پەیوەستی سلێمانی و خاکەکەی دەکات، کە شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانی گەورە پیاوانی وەک (کاک ئەحمەدی شێخ) بووە، دواتر شاعیر خۆزگە بە ڕابردوو دەخوازێت و ئاواتەخوازە ئەو ڕۆژە بگەڕێتەوە ئەگەرچی شوێنی ئەو شوێنی سەگی بە دەرگاکەی (کاکە ئەحمەدی شێخ)یش بێ، ئینجا وردە وردە ئەم ستایشکردنە قوڵترو فراوانتر دەکاتەوە " پایەی بەرزی بەم شێوەیە وێنە دەکێشێ و بە دەستەواژەی ( قودوەیی سادات) ئەو پایەو پیرۆزییە بەرزترو فراوانتریش دەکاتەوە بە هێنانەوەی دەستەواژەی (سوککانی سەماوات) ئەم دەستەواژەیە خۆی لە خۆیدا وێنەیێکی ئێجگار فراوان و ئێجگار بێگەردو ساف وەبەر ئەندێشەی مرۆڤدا تێدەپەڕێنێ. ئینجا ئەم وێنەیە فراوانتر دەکات و پایەو پیرۆزی (کاک ئەحمەدی شێخ) بەرزتر دەکاتەوە، ئەمەش ئەو پەڕی ستایشکردن و سۆزی ڕاستەقینەی شاعیرە بەرامبەر بەم پیاو چاکە"(قادر،2004، 395).

شاعیر بۆ پیاهەڵدانی ستایشکراو دەستەواژەی (سوککان)ی بەکارهێناوە، ئەویش دەستەواژەیەکە بۆ دانیشتوانی سەر زەوی بەکاردەهێنرێ، کەچی شاعیر بۆ فریشتەی ئاسمان بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی لە پایەی ئەو شوێنەو پایەی ستایشکراو زیاتر بەرزبکاتەوە، ئەو گۆرینەوەیەش، کە ئەو وێنە جوانەو ئەو
مەبەستە بەرزەی پێکاوە خۆی لە خۆیدا باڵادەستی شاعیر دەردەخات.

شاعیر بەوە ناوەستێت و بەردەوام دەبێت لە بەرزکردنەوەو پیاهەڵدانی ستایشکراو بەوەی." کاتێک دانیشتوانی ئاسمان دێنێتە ریز دانیشتوانی سەر زەوی کاتێ (شەڕ) دەکەن لەگەڵ یەکتر، (شەڕکردنیش لەگەڵ یەکتر) سیفەتی ئادەمییە، هەرچەندە زیاتر لێرە بە واتای پێشبڕکێ هاتووە، کە ئەویش هەر سیفەتی ئادەمییە، کەچی شێخ ڕەزا بۆ فریشتەی ئاسمانەکانی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی لە پلەو پایەی پیرۆزی سوککانی سەر زەوی بەرز بکاتەوە، ئینجا شاعیر دیمەنی ئەو فریشتانە و نوێژکردنیان لەسەر


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

مەرقەدی ( کاک ئەحمەدی شێخ ) دەکێشێ و دەیچوێنێ بە (عەرشی موعەللا)، بە فریشتە دەورە درابێ"(قادر،2004، 396). شاعیر بەردەوام دەبێت لە ئاوات خواستن بە ڕۆژانی ڕابردوو و هەروەها ستایشکردنی کاک ئەحمەدی شێخ و باس لە دەستی ناسک و عەسای دەکات و خۆی قوربانی عەساو سۆڵ و سیواکی شێخ دەکات، پێی وایە دونیا لە دوای نەمانی جەنابی شێخ زێڕو زەبەر بێت هیچ بەهایەکی نییە بەڵکو بەهاو گەورەیی شێخ لە هەموو زێڕو زەبەری دونیا بە نرخترە، واتە شاعیر لەم شیعرەدا پێگەی کاک ئەحمەدی شێخی گەیاندۆتە ترۆپکی ستایشکردنەوە.

### 2-2-3. ستایشی ئازایەتی:

جۆرێکی ترە لەو ستایشانەی لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگیداوەتەوە، شاعیر هەروەکوو دەستێکی باڵای هەبووە لە شیعری داشۆرین، بەهەمان شێوە دەستێکی باڵاشی هەبووە لە ستایش و پێداهەڵگوتن، لە نێویشیاندا چەندین کەسایەتی و عەشیرەت و بنەماڵەی ستایشکردووەو باسی لە قارەمانییێتی و ئازایەتی و چاونەترسی و بوێرییانی کردووە، یەکێک لە شیعرە ستایشەکانی شێخ ڕەزا بریتییە لە ستایشکردنی ئازایەتی و دلێری عەشیرەتی جاف و سەردارانی ئەم عەشیرەتە، چونکە "دوای نەمانی میرایەتی بابان، بۆ پڕکردنەوەی بەشێ لەو بۆشاییەی لە دەسەڵات دروست بوو، دەوڵەتی عوسمانی بایەخێکی تایبەتی بە سەرۆکی خێڵە کوردەکان داوە، پلەو پایەی پێ بەخشیون، خێڵی جاف یەکێ لە خێڵە گەورەکانی کوردستان بوە، دەوڵەتی عوسمانی پلەی پاشایەتی بە سەرۆکەکەیان داوە، وەسمان پاشای کوڕی حەمە پاشاو دوای ئەویش مەحمود پاشای برای هاوزەمانی شێخ ڕەزا بون، شێخ ڕەزا لەگەڵ هەردوکیان دۆست بووە، بارەگای وەسمان پاشا لە هەڵەبجە بوە، شێخ ڕەزا هەم خۆی هاتوچۆی دیوەخانەکەی کردون و هەم نامەی بۆ ناردوون،"(ئەمین،2019، 100). واتە دەکرێت بڵێین لە سۆنگەی هاوڕێیەتییەوە، دواتریش بە هۆی بوێری و ئازایەتی ئەم عەشیرەتەوە شێخ ڕەزا لەم شیعرەیدا ستایشی عەشیرەتی جاف دەکات و دەڵێت :

خــزمینە مــەدەن پەنجە لەگــەڵ عــەشرەتــی جــافـا
مێــرووڵــە نــەچــێ چاکــە بــە گژ قــوڵڵــەیــی قــافـا
کێ بـێ لـە دلێــرانــی عــەشایــر کە نــەچــووبــێ
وەک تیــری ئــەجــەل نــووکــە ڕمــی جــافــی بــەنــافا
خــوێنــڕێــژو شەڕەنگێز و عــەدو بەند و تــەنــومــەند
کـــامیان کە گەنــە وەک شــێرە لــە مەیدانی مەســافا

چــونکه ڕەســەنن ورد و درشتیان هەموو جــەنگین
مــەی ساریــە نــەشئەی چ لە دڵــدا چ لــە ســافــا
وا بــێ غـــەم و پــەروا دەچنە عــەرصەیــی هــەیــجا
تــۆ ناچــیە ســەر دۆشـــەکی بـــووکێ لــە زەفــافـا
عــوسمــان بــەگیان ئــامــیرە وەختێ کە بڵێ دەی
دێــنــە جــەوەلان هـــەروەکــو حاجی لـــە تــەوافــا
خــواهــم زخــدا انــکـــە شـــود دشـــمن جــاهـــت
کــۆتــی لـــە دەســـا، دەس لــەملا، مــل لــە تـــەنافـا
لـــوتفێ بکە بــا شێــخ ڕەزا بــێــتــەوە گــوفــتــار
حــەیــفـــە بــڕزێ تیغــی موجــەوهـــەر لــە غیــلافــا "(شێخ ڕەزا )

شێخ ڕەزا لەم شیعرەدا بە شێوەیەکی گشتی ستایشی ئازایەتی و بوێری عەشیرەتی جاف و قارەمانەکانی ئەم عەشیرەتە دەکات و پیایان هەڵدەدات و دەڵێت: خزمینە یان هاوزمان و هاونیشتیمانینە، واتە شاعیر بانگەواز لە هەمووان دەکات، نەکەن ململانێ لەگەڵ عەشرەتی جاف بکەن، چۆن مێرووله ناتوانێ پەلاماری قولەی قاف بدات، ئێوەش هەمان شێوەی مێرولەکەن لە ئاست گەورەیی عەشیرەتی جافدا، واتە شاعیر بە شێوەیەک هونەرییانە زێدەڕۆیی کردووە لە پێناو ستایشکردن و بە گەورە نیشاندانی ئەم عەشیرەتە لە نێو عەشیرەتەکانی تردا، شاعیر بەردەوام دەبێت لە ستایشکرد و باس لە خوێنڕێژی و شەڕەنگێزییان دەکات، شەڕەنگێزی و پیاوکوشتن بۆ عەشیرەتی جاف لێرەدا بۆ پەسەندکردن بەکارهاتوون، نەوەک بۆ داشۆرین و کەم نرخاندنی عەشیرەتی جاف، چونکە عەشیرەتی جاف هەرگیز لە دوژمنەکانیان نەترساون و هەمیشە ئامادەییان تێدابووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن تەنانەت بۆ جەنگ هەڵگیرسانیش باکیان بە دوژمن نەبووە چونکە (عەدوبەند) بوونە، دوژمن دەست و پێ بەست بوونە، یان دوژمن بەندکار بوونە لە هەمان کاتیشدا(تەنومەند)انە هاتوونەتە مەیدان و هەمیشە لێهاتوو و لەبار و لەش گونجاو و

ئامادەو چوارشانە بوونە بۆ ئەوەی پەلاماری دوژمن بدەن، هەر کام لە ئەندامانیان کە خراپ و گەندەیە، لە مەیدانی شەڕ وەک شێر وایە، کەواتە دەبێت باشەکانیان چۆن بووبن؟

شاعیر درێژە بە ستایشکردنەکەی دەدات و دەڵێ: چونکە هەموو ڕەسەنن و جەنگاوەرو بوێرن هاوشێوەی مەی بێ خەوشن، واتە شاعیر لە ڕێگەی هونەری

لێکچواندنەوە ستایشێکی جوانی کردووە بەوەی عەشیرەتی جافی بە ڕەسەنترین و بێخەوشترین عەشیرەت ناوزەند کردووە، "ئەمەش لە چەمکی (دوڕ)دا دەردەکەوێت کە بە واتای (خڵتەی شەراب )دێت صاف نەبووبێت، واتە لەم عەشیرەتەدا چ باش و خراپیان چ پیاوی شێرو پاڵەوانیان وەک مەی بێ غەل و غەشن، تەنانەت خڵتەکەشیان هاوشێوەی مەی پیاو مەست دەکات، چونکە هێندە مەردو سینە پاک و سافن، شاعیر بەوە وەسفیان دەکات و ستایشیان دەکات، کە هەموویان شارەزای مەیدانی جەنگن وزۆر بێ پەروا و بێ ترس دەچنە مەیدانی جەنگەوە بەجۆرێک مرۆڤ ئاوا لە ڕۆژی زاوایەتیشدا ناچێتە سەر دۆشەکی بوکش."(ئەحمەد،2024، 280).

شاعیر بەردەوام دەبێت لە ستایشکردنی بوێری و دلێری ئەندامانی ئەم عەشیرەتە و دەڵێت گەنج و پیریان لە جەنگ باکیان نیە و ئەوان ئامادەییان تێدایە بۆ هەر جەنگێک، دواتر شاعیر دێتە باسکردن و ستایشکردنی گەورەیی و پیاوەتی و دلێری وەسمان بەگی جاف، کە سەرداری خێڵی جاف بووەو بە جۆرێک کاتێک کە وەسمان بەگ فەرمان دەکات بەسەر ئەندامانی خێڵەکەی هەموویان دەست بەکاردەبن و دەکەونە جوڵە هەروەکو چۆن حاجی دەکەوێە تەوافکردنی بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا.

### 4-2-2. ستایشی نەتەوەیی:

ئەو جۆرە بەشێکی سەرەکی لە شیعرە ستایشەکانی شاعیر پێکدەهێنێت، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر شیعرێکی ستایشی شاعیر تایەتیش نەبێت بە ستایشی نەتەوەیی دەتوانین چەند دێرە شیعرێکی تیا بەدی بکەین کە دەچێتە خانەی ستایشی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە، "صباح غالب لەوتاری (هەستی نەتەوەیی) لای شێخ ڕەزادا دەڵێ: دوو زاراوەی (نیشتیمانی و نەتەوەیی) گەلێ جاران بەیەکەوە بۆ مەبەستێک بەکاردێن، یەکەمیان بۆ خۆشەویستی خاکی باب و باپیران دەگەڕێتەوە، دووەمیشیان پەیوەندی تاکە (الفرد) بە کۆمەڵی خەڵکەوە، کە نەتەوە پێک دێنن، لە ڕاستیدا مانای نیشتیمانی لە جەوهەردا جیاوازی نیە لەگەڵ هەستی نەتەوایەتیدا چونکە خۆشەویستی نیشتیمانی خۆی لە خۆیدا دەبێ بە خۆشەویستی ئەوانەی کە لەسەر ئەو خاکەن. هەروەک خۆشەویستی نەتەوەش خۆشەویستی ئەو ئەرزەیە کە نەتەوەکەی لەسەر دەژی، بە مانایەکی دی دەڵێین هەر کامیان جوتەو دووانەن و بێ یەک مانای هیچیان تەواو نابێ."(غالب،1974، 6).

یەکێک لە شاکارەکانی شیعری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری شێخ ڕەزا بریتییە لەو شیعرەی بە ناونیشانی (لە بیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو)، تیایدا

شێخ ڕەزا لە هەستێکی پاک و سۆزێکی ڕاستەقینەی کوردانەوە ستایشی حوکومڕانی ئەم میرنشینە کوردییەی کردووە لە ڕابردوودا، لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە نموونەی نیشتیمانپەروەرێکی ڕاستەقینەیی خۆیمان بۆ دەسەلمێنێ، کاتێک یادگاری منداڵی سەردەمەکەی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان وتراوە، ئەمە بە تەنگەوە هاتنی شێخ ڕەزا دەردەخات بۆ قەوارەیەکی نەتەوەیی، ئەوەشمان بۆ دەردەخات ئەو هەستە لە دەروونێکی پاک و سۆزێکی کوردانەی بێ بەرژەوەندی هەڵقوڵاوە، کە تیایدا ستایشێکی بەرزی حوکمڕانی ئەو میرنشینە کوردییەمان لەو دەورو سەردەمەدا بۆ دەکات و دەڵێت :

لــە بیـرم دێ سـولـەیـمـانی کــە دارولـمولـکـی بابـان بـوو
نە مەحکوومی عەجـەم، نـە سوخرەکێشی ئالی عـوسمان بـوو
لەبـــەر قـــاپی سەرا سەفیان دەبــەست شێخ و مـەلاو زاهـید
مـــــەتافی کەعبە بۆ ئـەربـابـی حـاجـەت گردی سەیوان بـوو
لەبـەر تابوری عەسکەر، ڕێ نـــەبـــوو بۆ مـەجلیسی پـاشـا
ســەدای مۆسیقـــاو نـــەقـــارە، تـا ئـەیوانی کـەیوان بـــوو
دریغ بـــۆ ئـــەو زەمانە، ئەو دەمـە،ئـەو عەسـرە، ئـەو ڕۆژە
کـــە مـەیـدانی جرید بـازی، لـە دەوری کانـــی ئاسکـان بـوو
بـە زەربـی حەملـەیـــێ بەغـدای تەسخیر کردو تێی هـــەڵدا
سـولـەیمانی زەمـان ڕاستت ئـەوێ بـاوکی سـولـەیـمان بـــوو
عــەرەب ئینکاری فـەزڵی ئێــوە ناکەم، ئـــەفـــزەڵــن ئــەمـا
ســەڵاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کـوردی بابان بـــوو
قـووبـوری پـڕ لە نـوری ئالی بابان، پڕ لە ڕەحـمـەت بێ
کـە بـارانی کـەفی ئیحسانیان وەک هـەوری نیـســان بـــوو. "( شێخ ڕەزا )

بە وردبوونەوە لەم شیعرە پڕ لە ستایشەی (شێخ ڕەزا)دا گەلێک لایەنی ئەو دەورو زەمانەو چۆنییەتی حوکمڕانی ئەو میرنشینە کوردییەمان بۆ دەردەکەوێت، شاعیر لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە وەک شریتێکی ڤیدیۆیی ئەو سەردەمەمان دێنێتە پێش چاو و وەکو نیشتیمانپەروەرێکی ڕاستەقینە دەردەکەوێت و ئەم هۆنراوە نیشتیمانییە پڕ لە سۆزە گوزارشت لە هەستی بەرزی نەتەوایەتی شاعیر دەکات، لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە ڕۆژگاری حوکمڕانییەکی کوردی سەربەخۆمان بەبیر دێنێتەوە، هەروەها دەیەوێت پێمان بڵێت، کە بابانەکان نە ژێر دەستەی عەجەم و نە سوخرە کێشی ئالی

عوسمان بوونە، واتە ئەم میرنشینەداردەستی هیچ کامیان نەبووە، بەڵکو قەوارەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ بووە. ئینجا شاعیر بەردەوام دەبێت لە ستایشکردن و نیشاندانی فەزڵ و گەورەیی ئەم میرنشین و حوکمڕانە کوردییەودەڵێت: لەبەر دەرگای سەرا، دەستە دەستە پیاو ماقوڵ و شێخ و مەلاو زاهید ڕیزیان دەبەست و کۆ دەبوونەوە، "خۆشی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە میرنشینەکەیان، وە دەڵێ ئەربابی کەیف و خۆشی هەموو لە گردی سەیوان، کە گۆڕستانێکە لە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی کۆدەبوونەوە، وەک چۆن خەڵکی لە جێبەجێ کردنی فەریزەی حەجدا کۆدەبنەوە"(غالب،1974، 7).

دواتر باس لە گەورەیی و زۆری ژمارەی سوپای ئەم میرنشینە دەکات بە دەوری کۆشکی پاشای بابان، کە ڕێگای ڕۆیشتن نەبووە، بەشێوەیەک بەم سوپایەیدا هەڵداوەو گەورەیکردوون کە دەنگی مۆسیقاو مارشی سەربازیی و نەققارەی ئەم سوپایە کوردییە تاوەکو ئەیوانی کەیوان ئاسمان بەرزدەبۆوە. دواتر شاعیر داخ بۆ ڕۆژانی ڕابردووی ئەم میرنشینە دەخوات و یادی یاری جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان دێنێتەوە یاد و لە سایەی ئارامی و ئازادی ئەم میرنشینەدا خەڵکی خەریکی کات بەسەربردن بوونە لە ڕێگەی ئەم یارییە فۆلکلۆرییانەوە، دواتر شاعیر دەگەڕێتەوە سەر ستایشکردن و "لە ڕێگەی خواستنەوە بە (سولەیمانی زەمان) ئاماژە بە حەزرەتی سولەیمان دەکا، کە یەکێکە لە کەسێتیە مێژوویی و ئاینییەکان و ڕەمزە بۆ پاشایەتی و پێغەمبەرایەتی، دوایی دێ بە دەستەواژەی (باوکی سولەیمان) کە ڕەمزە بۆ (عەبدولرەحمان پاشای بابان) ئاماژەی پێدەکاو ڕۆڵی گرینگی نیشان دەدات لە گرتنی شاری بەغدا."(شوان،2008، 20-21).

هەروەها لە بەیتێکی تردا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دوعای خێر بۆ ئالی بابان دەکات و گۆڕیان پڕ لە نوور و بەرەکەت دەکات، لەبەرئەوەی چاکەو بەخشیشەکانیان ئەوەندە زۆرو زەبەند بووە، چوواندوونی بە هەوری نیسان کە زۆر بەخێرو بەرەکەت بووە. شایەنی باسە پاش وردبوونەوە لە دەقەکانی شاعیر بۆمان دەرکەوت هیچ یەکێک لە شیعرەکانی بەر ستایشی سیاسی ناکەون، چونکە کاتێک وەسف و ستایشی میرنشینی بابانی کردووە وەک حوکمڕانێکی کوردی، ئەوکاتە ئەم میرنشینە نەماوە و ڕووخاوە، میرەکانیشی توشی دورکەوتنەوە و دەربەدەری بوون، بۆیە درک بە هەست بە هەست و سۆزێکی پاکی ڕاستەقینەی نەتەوەیی کوردانە دەکەین، کە لە ڕێگەیەوە یادی حوکمڕانی بابانەکان و کەسایەتی و سەرکردەو سەردارانی میللەتی کوردی کردووە و بە بێ هەبوونی هیچ بەرژەوەندییەک.


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

## 2-3. مەبەستەکانی ستایش لە شیعرەکانی ( شێخ ڕەزا ) :

مەبەستە شیعرییەکانی هەر شاعیرێک لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا بە دیاردەکەوێت، بۆیە ئەگەر بمانەوێت پەی بەو مەبەست و بابەتانەدا ببەین، کە شاعیر شیعری لە پێناودا نووسیون، ئەوا پێویستە دیقەتێکی وردی ناوەڕۆکی شیعرەکان بدەین چونکە بێگومان هەر شیعرێک دەنوسرێت لە بنەڕەتدا
مەبەست و پێناوێکی هەیە، بۆیە پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش ئەوەیە لانەکردنەوە لە شیعرە ستایشەکانی (شێخ ڕەزا)دا و لە دوورەوە قسەکردن دەربارەی ئەوەی کە شیعرە ستایشەکانی بۆ داواکاری و بەرژەوەندی خۆی وتووە، زوڵمێکی گەورەیە کە بە درێژایی دەیان ساڵە لە خودی شاعیرو ئەدەبەکەی و دەکرێت بڵێین لە ئەدەبیاتی کوردیش کراوە.

چونکە بڕیاردانی پێشوەختە لەسەر هەر بابەتێک دەچێتە خانەی ڕق و نەشارەزایی و لە دوایشدا بڕیاردانەکە کورت دەهێنێ، بڕیاردان لەسەر هەر بابەتێک و وەڵامدانەوەی هەر پرسیارێک پێویستی بە توێژینەوەی زانستی و شارەزایی و دوور لە لایەنگیری و دەمارگیری هەیە، بۆ ئەوەی ئەنجام و وەڵامی ئەو پرسیارانە بەهایەکی بەرزی زانستی هەبێت. "شێخ ڕەزا بەشێکی کوردستانی باشور کەرکوک، سلێمانی، هەڵەبجە، کۆیە، گەڕاوە لە هەندێکی خوێندوویەتی و ماوەتەوە، لەگەڵ کەسایەتییەکاندا ئاشنایەتی پەیداکردووە و لە دیوەخانەکانیاندا میوانداری کراوە، پێگەی بنەماڵەکەشی یارمەتی داوە تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە دروست بکات، مەدحی هەندێکیانی کردووە."(ئەمین،2019، 96). بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بە وردی تیشک بخەینە سەر مەبەستەکانی ستایش لە شیعرەکانی شاعیردا چونکە شاعیر کە ستایشی کەسێک یان یان شارێک یان هۆزو بنەماڵەیەکی کردووە بێگومان کۆمەڵێک مەبەستی هەبووە، مەبەستەکانیش بریتین لە:

### 2-3-1. مەبەستی خۆشەویستی:

یەکێکە لەو مەبەستانەی شیعری ستایش، کە لە هەست و سۆزێکی پاکەوە سەرچاوە دەگرێت و بەبێ بوونی هیچ بەرژەوەندییەک، واتە شاعیر بەهۆی خۆشەویستی و ڕێزو گەورەیی کەسەکە لە دڵەوە وەسف و ستایشی ئەم کەسە دەکات، لەبەر ئەوەی کەسی ستایشکراو کۆمەڵێک سیفات و ئاکاری ڕەوشت بەرزی و چاکەو وەفاداری و مرۆڤایەتی تیا کۆبۆتەوە، بەو هۆیەوە لە نێو کۆمەڵ و لەلای خودی شاعیریشدا جێگای ستایشکردن و پیاهەڵدانە، شێخ ڕەزا لە شیعرێکی ستایشدا، کە لە دڵ و دەروون و هەست و سۆزێکی پاکەوە سەرچاوەی گرتوە تیایدا ستایشی ئەمین


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

فەیزی بەگ دەكات،" ئەمین فەیزی میر ئالای تۆپچی و زانای گەورەی ماتماتیک، شاعیری بەهرەوەری خاوەنی دیوانی (شوعاعات)، نووسەری یەکەم کتێب، یا یەکەم هەوڵدانی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، ئەم (ئەمین فەیزی) یە لە شیعری (شێخ ڕەزا)دا جێگەیەکی تایبەتی هەبووە، دیارە هەر هەستی خۆشەویستی و دڵسۆزی پاڵی بە شێخ ڕەزا وە ناوە، کە بەم چەشنە بکەوێتە وەسفی و ستایشی بکات، بە تایبەتیش زۆربەی وەسف و ستایشەکانی پاش گەڕانەوەی شێخ ڕەزا لە ئەستەمبۆل کراوە، چونکە لە چوونی ئەستەمبۆڵیدا بە ئەمین فەیزی گەیشتووە و دیارە خزمەتی شاعیری کردووە، وا کاری تێکردووە لە
ستایشی (شێخ ڕەزا)دا پێگەو جێگەیەکی تایبەتی هەبێت"(ڕەسوڵ،1979، 80). بۆیە لە شیعرێکدا ستایشێکی بەرزی ئەمین فەیزی دەکات و دەڵێت :

کە تـەشـریفی شەریفی هات ئـەمـین فـەیزی بە میوانی
لە عوهدەی شوکری دەرناچم مەگەر خۆم کەم بە قوربانی
بە (خاتەم) کەی (سلێمانی) دەکرد وەک ئەمین کەی بـوو
نــگینـی من ئـەمینـیـشە لە سایەی فـەیــزی سلـێمانـی "(شێخ ڕەزا)

دیارە لە هەموو یادگاری ئەستەمبۆڵدا، ئەمین فەیزی لە هەموو شت زیاتر لە دڵی (شێخ ڕەزا)دا جێگیر بووە، لە دەفتەری هەجوو ستایش و گاڵتەو گەپی ئەستەمبۆڵی (شێخ ڕەزا)دا گەلێک ناو دێنە ناو تۆمارەوە، بەڵام ئەو ناوانە هەر لە جێی خۆیاندا دەمێننەوەو جاری تر نایەنەوە سەر زمان و ناو شیعری شێخ ڕەزا، بەڵام یادی (ئەمین فەیزی) پەیکەری ناو دڵ و یادو شیعری شێخ ڕەزایە."(ڕەسوڵ،1979، 81). ئەگەر سەرنج لەم شیعرە بدەین دەبینین شێخ ڕەزا بەهۆی ئەوەی کاتێک سەردانی ئەستەمبۆڵی کردووە لەلایەن ئەمین فەیزی یەو چاکەو خزمەتی بەرامبەر کراوە، بۆیە کاتێک ئەمین فەیزی سەردانی شێخ ڕەزای کردووە، شاعیر لە خۆشەویستی ئەمین فەیزی بەگ ستایشی کردووەو دەڵێت ناتوانم چاکەو باشی ئەو بە سوپاسکردن بدەمەوە، مەگەر تەنیا خۆم قوربانی بکەم، ئینجا بتوانم لە ئاست گەورەیی و چاکەو باشی ئەو دابم، بۆیەئەم خۆ بەبچووک نیشاندان و گەورە کردنەی کەسی ستایشکراو ئەمە ئەوپەڕی ستایشکردنە کە بە مەبەستی خۆشەویستی دەربڕدرابێت ، کە گیانی خۆت بکەیتە قوربانی کەسێک.

### 2-3-2. مەبەستی ڕێزگرتن:

مەبەستێکی ترە لە مەبەستەکانی شیعری ستایش، کە تیایدا شاعیر بە مەبەستی گەورەیی و ڕێزگرتنی لە کەسانێک یان شتانێک لە شیعرێکدا کۆمەڵێک وەسفی ناوازە، کە هەڵگری سیفاتی بەرزو گەورەیی و ڕێزن دەخاتە پاڵ ستایشکراوەکە، تا ئەوپەڕی

پیاهەڵدان بەرزی دەکاتەوەو ستایشی دەکات، ئەم مەبەستی ستایشە زیاتر لە چوارچێوەی بواری ئاین و ڕەمزە ئاینییەکان و کەسایەتییە ئاینییەکان دەخولێتەوە، بە تایبەتی لەلایەن ئەو شاعیرانەی، کە خاوەن بیروباوەڕێکی ئاینی و پەروەردەی مزگەوت و خانەقاکانن. "شێخ ڕەزا لە بنەماڵەیەکی ئایندارو خواپەرست بووە، باب و باپیری پێشەوای ڕێبازی قادرییان کردووە، شێخ عەبدولڕەحمانی باوکی لە شاری کەرکوک بناغەی خواپەرستی و دەروێشی بڵاوکردووەتەوەو شێخ ڕەزاش، ژیانی منداڵی و هەرزەکاری لە ژێر چاودێری باوکی، لە ناو دەروێشان و تەکیەو زیکر ڕایبواردووە."(تاڵەبانی،2001، 161–162). واتە شێخ ڕەزا سەر بە تەریقەتی قادری بووە،

ڕێبەری ئەم تەریقەتەش (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بووە، بۆیە شاعیر بەهۆی ڕێزی زۆری لەم زاتە شاری(بەغدا)ی لەلا لە (جەننەت) بەهەشت، پێ خۆشتر بووە، هەروەک دەڵێت:

گەر بڵێم بەغدا لە جەننەت خۆشترە هێشتا کەمە
چونکە سوکنای غەوس و کەرخیی و ئیمامی ئەعزەمە
ئەی برادەر شاری بەغدا بێ حەسادەت بێ هەمە
زۆر ئەمین بە لەم حیسابە، پێت بڵێم کورتەو کەمە
لەم وڵاتە هیچ وڵاتێ، هەروەکو بەغدا نیە
حاکمی عەدل و عەدالەت زۆر ئەمین و بێ غەمە. "( شێخ ڕەزا )

شێخ ڕەزا بە هۆی ڕێزو گەورەیی سوکنای(غەوس)، کە مەبەست ئارامگەی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی)یە شاری بەغدای لەلا لە (جەننەت) بەهەشت پێ خۆشترە بەڵکو پێی وایە هێشتا کەمە چوواندوویەتی بە (بەهەشت)، کە خۆشترین و دڵڕفێنترین شوێنە خودای گەورە بۆ موسڵمانان دروستی کردووەو وێنەیەکی زهنی لە بیری موسلماناندا هەیە، ئەمەش ئەوپەڕی ڕێزگرتنی شاعیرە لە کەسایەتییەکی ئاینی. شایەنی باسە ئەم جۆرە ستایشکردن و پیاهەڵدان و ڕێزگرتنە لە دڵ و دەروون و هەستێکی پاک و بێ خەوش و بێ بەرژەوەندی هەلقوڵاوەو سەرچاوەی گرتووە، بە بەڵگەی ئەوەی لە کاتێکدا کە (شێخ ڕەزا) ئەم ستایشەی کردووە، (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) خۆی لە ژیاندا نەماوە، واتە ئەم دەربڕین و ستایشکردن و ڕێزگرتنە بە ڕەهایی ستایشێکی پاک و بێ خەوشەو بەڵگەیەکی تری حاشا هەڵنەگرە بۆ سەلماندنی دەربارنەبوونی شاعیر.

### 2-3-3. مەبەستی بەرژەوەندی:


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

بریتیە لەو ستایشەی کە شاعیر لە پێناو بەرژەوەندی خودی خۆی پەنای بۆ دەبات و شیعری لە پێناویدا دەهۆنێتەوە، بە پێچەوانەی ستایشی پاک و بێ خەوشە، "لەسەر بناغەی سۆزێکی درۆ ئامێز دروست دەبێت، چونکە شاعیر هیچ ڕێزو پایە بۆ کەسە ستایشکراوەکە دانانێ و لەو باوەڕەشدا نیە، کە شایستەی ستایش بێت بەڵام ناچارە ستایشی بکات. "(ڕەسوڵ،1989، 34). چونکە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم ستایشکرنە ناڕاستگۆیە بگات بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. ئینجا لێرەوە پرسیاری ئەوە دروست دەبێت، کە ئایا (شێخ ڕەزا) شیعری ستایشی لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و یان لە پێناو دەستکەوتنی پارەو سامان هۆنیوەتەوە؟ یەکێک لەو شیعرە ستایشانەی کە زۆر قسەی لەسەر دەکرێت و گومانی بەرژەوەند خوازی پێ دەخرێتە پاڵ شاعیر بریتیە لەو شیعرەی، لە ستایشی ئەحمەد پاشای بابان هۆنیویەتییەوە و دەڵێت :

ئەمە سێ ڕۆژە، کە سەرگەشتەو حەیران دەگەڕێم
کێم هەیە غەیری وەلی نیعمەتی فەرخوندە شیعار
یەعنی هەم نامی نەبی حەزرەتی ئەحمەد پاشا
فەخری دین کانی حەیا، بەحری کەرەم، کووهی ویقار
مەدحی ئیحسانی بکەم، عیلمی بکەم، فەزڵی بکەم
بەخوا خاریجە ئەو سافی حەمیدەی لە شومار
کەفی زەڕبەخشی کەوا مەنبەحی دوڕ و گەوهەرە
میسلی بەحرێکە نە ساحیلی بێت و نە کەنار
تەبعی جەوواد و کەریمی هەروەکو (قائانی) دەڵێ
زر بە قنطار همیبخشد واشتر بە قطار
تاوەکو دەورە بکات و بگەڕێ چەرخ و فەلەک
تاوەکو دێت و دەچێ بێت و بچێ لەیل و نەهار
بە مرادی بگەڕێ شەمس و قەمەر، چەرخ و فەلەک
زەفەر و فەتحی قەرین، بەختی موعین، تاڵعی یار
ڕەئی ئەو باعیسی تەنظیمی ئومووراتە، وەلێ
بۆ کوڕەی عالەی ئیمکان بوەتە قوتبی مەدار " (شێخ ڕەزا).

شێخ ڕەزا لەم شیعرەدا بە شێوەیەکی فراوان ستایشی (ئەحمەد پاشای بابان) دەکات و بەو کەسەی دەزانێت، کە پەنای بۆ ببات، هەروەها ناوی ئەوی بە ناوی


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

پێغەمبەر (د.خ) چوواندووە، بە فەخری دین و کانی حەیاو بەحری کەرەمی چوواندووە، چاکەو دەستکراوەیی و بەخشندەیی ئەوی لە گەورەو فراوانی بە بەحرێکی بێ کەنار داناوە، هەروەها شێخ ڕەزا دەسەڵاتی جیهانی و ئاینی بە ئەحمەد پاشا ڕەوا بینیوەو کردوویەتی بە قوتبی مەدار، مەبەست لە (قطب المدار) دڵی پێغەمبەر (محمد)ە (د.خ) شاعیر لە کۆتاییدا ئاواتەخوازە دەورانی چەرخی فەلەک (ڕۆژگار) لە بەرژەوەندی (ئەحمەد پاشا) بگەڕێ و بەخت یاوەری بێت بگەڕێتەوە سەر دەسەڵات، چونکە کردەوەو ڕاو بۆچوونی ئەو دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی وڵات.

"شێخ ڕەزا هەرچەندە لەم پارچە شیعرەیدا باسی بە دەست و دەهەندەیی ئەحمەد پاشا ئەکا، بەڵام نابێ ئەوە پشت گوێ بخەین، کە بەرامبەر بە پاشایەکی لە حوکمڕانی دوورخراوە، دیارە هەمیشە چاوی لە موڵک و وڵات و نیشتیمانەکەیەوە بووە، ئەم ئاواتە پیرۆزە دەردەبڕێ "(ڕەسوڵ،1984، 95). واتە دەتوانین بڵێین ئەم ستایشەی شێخ ڕەزا لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی شاعیر بووە، بە رامبەر بە
حوکمڕانێکی دوورخراوەی میللەتی کورد، دەشکرێت بڵێین هاوڕێیەتی و نزیکی شاعیر لەگەڵ ئەحمەد پاشا، هۆکارێکی تری ئەم ستایشکردنە بوبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم شیعرەی شێخ ڕەزا لە دڵ و دەروونێکی پاک و هەست و سۆزێکی کوردانەو ڕاستگۆیانە دەربڕدراوە، دوور لە مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی شاعیر، چونکە"شێخ ڕەزا کاتێک ستایشی ئەحمەد پاشای بابانی کردووە، کە پاشا نەبووە دەسەڵاتی نەماوەو لەسەر کار دوورخراوەتەوەو بۆ دەرەوەی وڵات نێردراوە، ... ئەم ڕایە بۆ (سالم)ی شاعیریش ڕاستە ، چونکە ئەویش داستانی (عەزیز بەگی بابان)ی پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بابان ووتووە، لەبەر ئەوە ستایشی هەردووکیان لە دەروونێکی بە کوڵ و پڕ لە ڕاستی یەوە هاتووە و ستایشی شاعیرێک نیە، کە بۆ مەبەستی خەڵات و پایەو بەخشش بە خەلیفەو سوڵتاندا هەڵدا، ئەمە هەستی مرۆڤانەی شاعیرەو ڕاستگۆیی شاعیر لێرەدا بە باشی دەبینرێت. لە زۆربەی شیعری (شێخ ڕەزا)دا ئەم چەشنە ڕاستگۆییە دەبینرێت، بێجگە لەوەی ستایشی کەسی وای کردووە کە لەکاردا نەماوە، بۆ (ئەحمەد پاشا)ش، تەنانەت ئەگەر لە ئەستەمبۆڵ یارمەتیدابێت، ئەوا شاعیر پاش گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی ستایشی ئەوی کردووە و پێش یارمەتی دانەکەی نیە"(ڕەسوڵ،1979، 88). واتە ئەم شیعرە پڕ لە ستایشە دوورە لە مەبەستی بەرژەوەندی تایبەتی شاعیر.

### 2-3-4. مەبەستی ڕۆزی و نان پەیداکردن:

بریتیه لەو مەبەستە شیعرییەی، کە شاعیر لە پێناو وەرگرتنی پاداشت و خەڵاتکردن و بەدەستهێنانی قوتی خۆی و پەیداکردنی سەروەت و سامان، لە کۆشک و تەلارەکانەوە بە شان و باڵی (میرو پاشاکانیان)دا هەڵدەداو شیعری ستایشی پڕ لە زیادەڕۆیی و ناڕاستگۆییان بۆ دەهۆنیەوە، دیسانەوە لێرەشدا دەکرێت بپرسین ئایا شێخ ڕەزا شیعری لە پێناو رۆزی و نان پەیداکرن وتووە؟ بە سەرنجدان لە شیعرە ستایشەکانی (شێخ ڕەزا)دا پارچە شیعرێک بەدی ناکەین کە لە کۆشک و تەلاری پاشاکانەوە بۆمان بە جێمابێت و لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی شیعرەکە ستایش و پیاهەڵدان بێت بە پاشاو میرێکی کورد، داوای خەڵات و لیرەی ئاڵتوونی کردبێت، یان لە شیعرەکانیدا هیچ شیعرێک نابینین کە لە هەست و سۆزێکی ناڕاستگۆیانەوە سەرچاوەی گرتبێت، واتە ستایشی کەسایەتییەکی کردبێت و سیفاتی بەرزی و گەورەیی دابێتە پاڵی کە ئەو کەسە ئەو سیفاتانەی تێدا نەبووبێت، بەڵکو لە ستایشەکانیدا ئەو کەسایەتییانەی، کە ستایشی کردوون وێنەی کەسایەتییە ستایشکراوەکە لە زهنی خەڵکە گشتییەکەدا هەبووە، یان، کە ستایشی بنەماڵەی میرانی بابانی کردووە لە هەست و سۆزێکی نەتەوە پەرستیدا بووە، لە چوارچێوەی ئاوات خواستن بووە بە دەورانی حوکمڕانیان، چونکە ئەو کاتە لە دەسەڵات دا نەماون، لای هەمووانیش ئاشکرایە کوردستانی سەردەمی میرنشینی بابان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بەرەوپێشەوە چووە، ئەم بەرەوپێشچوونەی ئەدەبیاتیش لەم نێوەندەدا پشکی شێری بەرکەوتووە، دەرخەری ئەم بۆچوونەشمان سەرهەڵدانی (بزووتنەوەی شیعری بابان)ە لە سەردەمی حوکمڕانی ئەم میرنشینەدا.

بۆیە ئەگەر لێرەو لەوێ لە شیعرێکدا شێخ ڕەزا ئەگەر داواکارییەکی سادەی هەبووبێت، لە گۆشەنیگاو چوارچێوەی هاوڕێیەتییەوە بووە یان، لە چوارچێوەی توانج و جۆرێک لە گاڵتەکردنەوە بووە، کە لە زۆرێک لە شیعرەکانی (شێخ ڕەزا)دا ئەم جۆرە توانج و پلارانە دەکەوێتە بەرچاو و بەدیدەکرێت، نموونە لە کۆتا دێری ستایشی ئازایەتی عەشیرەتی تاڵەبانیدا کە داوای دیاری دەکات دەڵێ:هورتمانیش بێ (ڕەزام) گەر هیچ نەنێرن یاستار، هورتمان واتە (هەرزن)، کە خۆراکی باڵندەو بولبولە "یان کاتێک (عادیلە) خانمی خێزانی وەسمان پاشای جاف گفت ئەداتە شێخ ڕەزا، کە ئێستریکی بۆ بنێرێ، ئەو ئێسترە ئەمرێ، دەیەوێت سەر بنێتە سەر (شێخ ڕەزا)و خەبەری بۆ ئەنێرێ ئەو ئێسترە مرد، ئێستا چی ئەڵێیت ئێستری زیندووت بۆ بنێرم یا مردووەکە.؟ شێخ ڕەزا وەڵامی دەداتەوە دەڵێت: (ئیحتیاجم زۆرە با بڵێیم هەر دووم دەوێ). هەردووم دەوێ دوومانای هەیە، یەکیان بە مانای هەردوو ئێستر، زیندوو، مردوو، بەڵام شێخ



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ڕەزا هێستری مردووی بۆ چیە !؟ لێرە مەبەستی (هەردووی خانمە)! خانمیش وەک وەسمان پاشا بە چاوی هونەرمەندانە سەیری شیعرەکانی شێخ ڕەزای دەکرد."(تاڵەبانی،2001، 134).

واتە ئەم داواکارییە سادانەی شێخ ڕەزا وەک (هەرزن، ئێستری مردوو) دەبێت چ سودێکی بۆ شێخ ڕەزا هەبێت چ جای بگاتە ئەوەی سەرچاوەی ڕۆزی و نان پەیداکردن بێت ! بۆیە ئەم داواکارییە سادانەی شێخ ڕەزا لە چوارچێوەی هاورێیەتی و جۆرێک لە توانج و پلار گرتن بووەو بە هیچ جۆرێک ناکرێت بخیەنە قاڵبی شیعر هۆنینەوە لە پێناو خەلات و رۆزی و نان پەیداکردن، چونکە ئەمە زۆر جیاوازە لەوەی، کە شاعیرێک لە کۆشک و تەلاری پاشاو میرەکاندا لە بەرامبەر ستایشێکی پڕ لە زێدەرۆیی و ناڕاستگۆیانە چاوەڕێی هەڵدانی کیسەی پارەو خەڵاتی کردبێت، وەک ئەوەی لە ئەدەبیاتی (عەرەبی و فارسی)دا هەبووە.

خاڵێکی تری ڕەتکردنەوەی دەرباربوونی شێخ ڕەزا و شیعر وتنی لە پێناو رۆزی و نان پەیداکردن ئەوەیە، شاعیر لە بنەماڵەیەکی ئاینی و خاوەن تەکیەو تەریقەت بووە،خۆشی یەکێک بووە لە پابەندان و موریدانی تەریقەتی قادری، ئاشکرایە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی ئەم تەریقەتەش بریتیە لە دونیا نەویستی و ڕەندانە ژیانکردن و ڕەتکردنەوەی خۆ خەریککردن بە سەروەت و سامانی دونیا، ئەوەتا"(شێخ عەبدولڕەحمان)ی باوکی ئەو پیاوە زاناو لە خواترس و سەخی تەبیعەتە بووە، کە لێی ئەگێڕنەوە ووتویەتی: حەیفە پیاو ئەوەندە سامانە کۆبکاتەوە زەکاتی بکەوێتە سەر."(تاڵەبانی،1988، 21). شاعیر کوڕی ئەو پیاوە بووە پەروەردەی ئەو بنەماڵە ئاینییە بووەو گۆشکراوی خواناسی و ڕێگای تەریقەت بووە، ئەم پەروەردەبوونەو کەش و هەوا ئاینیەی نێو بنەماڵەو تەکیەش ئەگەر بە شێوەیەکی
فراوانیش نەبێت تا ڕادەیەکی باش کاریگەرییان هەبووە لەسەر ئاکارو ڕەوشت و کەسایەتی شێخ ڕەزا، ئەوەتا شاعیر لە شیعرێکدا خۆی ئاماژە بە کەسیەتی خۆی دەکات و دەڵێ ویست و ئارەزووی دونیا نەیکردوومەتە بەندەی سەروەت وسامان. وەک دەڵێت :

من خواجەی ئەحرارم و ئامێزشی دونیا – هێشتاکە نەمیکردۆتە بەندەی مەملووک"( شێخ ڕەزا ).

بێگومان ئەمەش دووبارە دەرخەری بەهێزی کەسایەتی شاعیرو چاو نەبوون لە سەروەت و ماڵی دونیایە، هەروەها بەهێزی کەسایەتی شێخ ڕەزا و ڕاشکاوی و ویستی ئەو بۆ بە گژداچوونەوەی کاری نارێک و ستایشکردنی کاری چاکە خاڵێکی ترە بۆ


IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

سەلماندنی دەربارنەبوونی شێخ ڕەزا، بە بەڵگەی ئەوەی شێخ ڕەزا چەندین نموونەی شیعری هەیە کاتێک کەسێک کارێکی باشی کردبێت ستایشی کردووە بەڵام ئەگەر هەمان ئەو کەسە کارێکی خراپی کردبێت دایشۆریوە. لە دیوانەکەیدا چەندین نموونەی وامان بەرچاو دەکەوێت (شێخ عەلی تاڵەبانی برا)ی و (مەعرووف ئەفەندی) باشکاتبی بیدایەتی هەولێر دوو بەڵگەی دیاری ئەو بۆ چوونەمانن کە لە کاتێکدا دایان دەشۆرێت و لە کاتێکی تردا ستایشیان دەکات. واتە شاعیر ئەوەی دژی بووە هەر دایشۆریوە ئەوەی یارمەتیشی داوە هەر دایشۆریوە.

خاڵێکی تری ڕەتکردنەوەی دەرباربوونی شێخ ڕەزا و هۆنینەوەی شیعری ستایش لە پێناو دەستکەوت و ڕۆزی و سەروەت و سامان، بەرزی عیزەتی نەفسی کەسایەتی شێخ رەزایە، شاعیر خاوەن شعورو عیزەت نەفسێکی بەرزو باڵا بووەو ئەوەتا دکتۆر نوری تاڵەبانی دەگێڕێتەوە دەڵێ: "جارێکیان شێخ ڕەزا ئەچێ بۆ نەجەف بۆ زیارەتی مەرقەدی ئیمامی عەلی (د.خ)، زانایان و ئەدیبان و پیاو ماقووڵانی ئەو سەردەمەی نەجەف پێی ئەزانن پێشوازی لێ دەکەن و لە دەوری خر ئەبنەوە، ئەویش بەو موناسەبەتەوە چەند قەسیدەیەک لە شیعرە فارسییەکانی ئەخوێنێتەوە، کە بە شان و باڵی ئال و بەیتی پێغەمبەریدا (د.خ) هەڵداوە تەعریفی کردوون، دانیشتوان زۆریان پێ خۆش ئەبێ و بەر لەوەی ئەو لە خوێندنەوەی قەسیدەکانی ببێتەوە دەست ئەکەن بە دیاری پێشکێشکردنی و زێرو زیوێکی زۆری لە بەردەما دائەنێن، ئەو هەروا لەسەر خوێندنەوەی شیعرەکانی بەردەوام ئەبێ و هەستیش ئەکا ئەم هەموو دیارییە لەبەرئەوەیە کە تەعریفی ئال و بەیتی کردووە، جا بۆ ئەوەی دانیشتوانەکان وا نەزانن ئەو بۆ پارەو پول ئەو شیعرەی وتووە، بەیتێکی نوێ ئەخاتە سەر دوا قەسیدەی و ئەیکا بە دوا بەیتی ئەو قەسیدەیە و دەڵێت :

مـــن سنیم اسمم (رضا) کلب امـام مـــرتضی

درویــش عبــدالقـادرم راهــم ب مــولا میرود

واتە من ئەهلی سونەم سەگی ئیمامی ئال و بەیتم، دەروێشی شێخ عەبدولقادری گەیلانیم. کە ڕێبەری تەریقەتی قادرییە. دانیشتوانەکان گوێیان لەو بەیتە دەبێت چاوی ڕەشیان کاڵ ئەبێتەوەو هەریەک لە ئاستی خۆیەوە دەست ئەبا بۆ خەڵاتەکەی خۆی ئەکێشێتە دواوە، ئەیخاتەوە باخەڵی و (شێخ ڕەزا)ش هیچ گوێ ناداتێ، کە لێ ئەبێتەوە بە جێیان دیڵێ و بە ڕێی خۆیا ئەگەڕێتەوە. ئەم ڕووداوە ئەوەمان پیشان ئەدا شێخ ڕەزا عیزەت نەفسێکی بەرزو باڵای هەبووەو نەیهێشتووە کەس وای لێ تێبگا، کە بۆ

خەڵات و بەرات شیعر ئەڵێ، ... ئەگەر جاروبارێکیش لە پارچە شیعرێکدا باسی دیاری کەسێکی کردبێت هەر لەبەر ئەوە بووە کە ئەو خاوەن دیارییە دۆستە، ئەگینا ئەبێ کەڵەشێرێ یا ماینێک چ بایەخێکی ببێ شێخ ڕەزا قەسیدەیەکی بۆ لە تەعریفکردنی ئەو کەسەدا بڵێ، کە بۆی ناردووە."(خاڵ،2010، 88–89).

**ئەنجام:**

**1**– لەڕووی زمانەوە دەقەکانی لە بازنەی بوارەکانی (ئاینی و نەتەوەیی)دا دەخولێنەوە، چونکە وشە و زاراوە بەکارهاتووەکانی ئەو دەقانە سەلمێنەری ئەمەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی جوان و پڕ لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی ستایشەکانی کردووە.

**2**– دەقە ستایشییەکانی لە دڵ و دەروونێکی پاک و ڕاستگۆییناوە هەڵقولاون، بۆ بەرژەوەندی تایبەت و نان پەیداکردن نین، بۆیە ئەوەش نایکاتە شاعیرێکی دەربار.

**3**– لەنێو دەقەکانیدا چەندین جۆری وەک ستایشی(پیاوەتی و سەخاوەت، کەسانی ئاینی، ئازایەتی و دلێری، نەتەوەیی) بەدی دەکرێت، بەڵام هیچ دەقێکی بۆ ستایشی سیاسی نییە، ستایش و پیاهەڵدانی میرەکانی بابانیش لە کاتێکدایە سەردەمی حەکمڕانییان کۆتایی هاتووە، بۆیە ناچێتە چوارچێوەی ستایشی سیاسییەوە.

**4**– دەقە ستایشییەکانیشی هەڵگری هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندی هونەریی دەقە داشۆرینەکانییەتی لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ڕەوانبێژییەوە و هەمان ئاستی هونەرییان هەیە، ئەوەش دەبێتە بەڵگەی ئەوەی شاعیر بۆ لەکۆڵکردنەوە و پەیداکردنی بژێوی ئەم دەقانەی نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو نیشاندەری هەست و دڵ و دەروونی پاکی شاعیرن بۆ خۆشەویستانی.

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**


ـ ئەحمەد، ڕێحان ڕەسوڵ، (2024)، خێڵ و عەشیرەت لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان،هەولێر.

ـ ئەمین، نەوشیروان مستەفا(2019)، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین ، ب3،چ1، چاپخانەی ژین، سلێمانی.

ـ تاڵەبانی،د. موکەڕەم(2001)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی ژیانی پەروەردەی بیرو باوەڕی، چ1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ـ تاڵەبانی، د.نوری ( 1988)، گەشتێکی تر بە جیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، گۆڤاری کاروان، ژ70، هەولێر.

ـ حوسێن، سەنگەر نازم، مەولود، ڕێزان صالح، (2018 )، ژانەرە ئەدەبییەکان، چ1، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.




IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

ـ خاڵ، شێخ محەمەد،و ئەوانی تر(2010)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە پێنووسی چەند بنوسێک، چ1، دەزگای ئاراس، هەولێر.

ـ خەزنەدار، د. مارف(2004 )، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب4، چ1، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

ـ ڕەئوف، هاوکار محمد (2001 )،داشۆرین لە نێوان (شێخ رەزا و ابن الرومی) دا، ماستەر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ـ ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا(1979)، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چ1، چاپخانەی عەلاء، بەغدا.

ـ ڕەسوڵ، شوکریە(1989)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی (التعلیم العالی)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ـ ڕەسوڵ، شوکریە(1984)، گەشتێکی تر بە جیهانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعرەکانی)دا، ب 11، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەغدا.

ـ شەرەفکەندی، عەبدولرەحمان (1388)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە،چ6، انتشارات سروش، تهران.

ـ شوان، ئیبراهیم ئەحمەد،(2008)، ڕەمز لە شیعرە کوردییەکانی شێخ ڕەزا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین،ژ34، هەولێر.

ـ شوان، ئەمین(2021)، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی،چ2، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

ـ شوکریە، ڕەسوڵ(1984)، گەشتێک بە جیهانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی و ڕوخسارو ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی یازدەهەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

ـ غالب، صباح(1974)، هەستی نەتەوەیی لای شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، گۆڤاری بەیان، ژ14.

ـ قادر،خانزاد عەلی(2004)،زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

ـ قادر،خانزاد عەلی(2009)، (زمانی ستایش لە شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی)دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی:**

ـ ابو حاقه،أحمد(1962)،فن المدح، ط1، منشورات دار الشرق الجديد، بيروت.

ـ ابن منظور،محمد( 1405ه)بن مكرم، لسان العرب، دار صادر، بيروت.

ـ ابن رشيق، أحمد (1988)، العمده فی محاسن الشعر وأدابه ونقده، دار الكتب العلمية، بيروت.

ـ عباس، أحسان(1996)، فن الشعر، ط1، دار صادر، بيروت.

**بە زمانی فارسی:**

ـ بهرامی، أحسان(1369)، فرهنگ واژهای اوستا،چ1، نشر بلخ، مشهد.

ـ روحانی، ماجد مردوخ(1388)، فرهنگ فارسی – كردی، دانشگاه كردستان، چ1، چاپ دانشگاه كردستان، سنندج، تهران.

ـ زرين كوب، عبدالحسين(1379)، تاريخ ادبيات ايران، از رودكی تا جامی، چ1، انتشارات سخن، تهران.

ـ شميسا، سيروس(1379)، أنواع ادبی،چ7، انتشارات فيردوس، تهران.
ـ كدكنی، شفيعی(1370)، صور خيال در شعر فارسی، چ1، نشر اگاه، تهران.
ـ معين، محمد(1383)، فرهنگ معين، چ2، انتشارات امير كبير، تهران



IRAQI Academic Scientific Journals turnitin doi Crossref KUJHS

# Index Of Published Research

## Quranic Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effects of Contemporary Atheism on Societal Life and Ways to Prevent It | Taghlub Khalil Ibrahim<br>Prof. Dr. Muhammad Khalil Ibrahim | 1-45 |


## Psychological and Educational Sciences Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the Achievement of Fifth-Grade Literature Students in the Holy Quran and Islamic Education Subjects and the Development of Their Systematic Thinking | Ali Assistant Lecturer Hussein Abdullah Ibrahim | 46-76 |
| 2 | The impact of the aquarium strategy in the processing of fifth grade students ' literary information in the history subject and the development of their lateral thinking. | Dr. Ismail Hammash<br>Jassim | 77-113 |


## Geographical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The effect of dams on sustainable rural development, a case study of the Shian Dam, Kermanshah province, Iran | Aeizh Azmi<br>Asst. Lect. Dedar Aswad Ali<br>Asst. Lect. Taeb talb hamakhan | 114 -141 |

## Historical Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The scientific output of the scholars of the Maghreb and Andalusia in the field of authorship through the book "Deaths of Notables and News of the Sons of Time" by Ibn Khallikan (d. 681 AH/1282 AD) | Sahera Fadel Awad Shasho<br>Prof. Dr. Azal Ibrahim Hussein | 142-183 |
| 2 | British Policy Towards Egypt, 1914–1936<br>A Historical Study | Asst. Lect. Medhat Hammash Jassim | 184 - 211 |
| 3 | The Pollution Of The Shatt Al-Arab Waters By The Oil Of The Anglo-Persian Oil Company And Its Impact On Ottoman-British Relations Before World War I: A Study Through Documents. | Aedan Shabib Salim AL-Sabahy | 863-885 |


## Turkish Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Analysis of The Poem "Our Old Mansion" By Nesrin Erbil | Elaf Salar Anwar<br>Asst. Prof. Goran Salahattin Şükür | 212-236 |
| 2 | A Comparative Study Between Turkish and Kurdish Proverbs | Asst. Lect. Iman Azad SADEQ | 237-257 |
| 3 | A Research On Sultan Muzafereddın Gökbörü's Hıstorıcal Contrıbutıon To The Erbıl Regıon | İnas Salar Enver<br>Dr. Naznaz Bahjat Tawfeq | 258 -272 |
| 4 | Dverbial Participle Suffixes In Turkish And The Behdini Dialect Of Kurdish | Halabshima Mohammed Shareef<br>Assit.Prof. Dr. Karwan Salahalddin Shukur | 273- 298 |
| 5 | A Comparison of Consonants between Turkish (Turkey Turkish) and Iraqi Turkmen Turkish (Erbil Dialect) | Zaınab Sadeq Saber<br>Assist. Prof. Dr. Hazım Burhan Mustafa | 299-327 |
| 6 | Socıal And Moral Degradatıon In Rıza Çolakoğlu's Poems | Naznaz Adnan Semin<br>Assist. Prof. Goran Salahattin Şükür | 328-364 |
| 7 | A Socıo-Polıtıcal Study On | Huda İbrahim | 365-389 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | Kemal Beyatlı’s “Mecehamal” Story | Assist. Prof. Dr. Goran Salahattin Şükür | |


## Arabic Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The Effect of the Dual-Situation Learning Model (DSLM) on the The effect of the active learning-based letter box strategy on developing reading skills among second-grade primary school students | Dr. Ali Ahmed Hussein Hamad Al-Sabaawi | 390-429 |


## English Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | Philip Ridley’s Dystopian Gothic: Childhood Trauma And The Post-9/11 World | Ala'a Muwafaq Mustafa AL-Khazraji | 430-457 |
| 2 | The Theme of Wasteland in Allen Ginsberg’s “Howl” | Assist. Prof. Hussein Kadhum Challab | 458-472 |


## Kurdish Language Research


| NO | Research Title | Researcher | Page Number |
|---|---|---|---|
| 1 | The origin of Linguistic Ideology in the Structure of the Kurdish Language | Asst. Lect. Edris Hamamurad Majid Prof.Dr. Karwan Omar Qadir | 473-500 |
| 2 | Rebellion in then Poems of (Abdulla Pashew) | Ahmed Sadeq Khorsheed Assist. Prof. Dr. Izzadin Saber Mohamed | 501-524 |
| 3 | Social Issues and Problems " in the Novels of Ata "Muhammad | Wrya Burhan Noori Assit. Dr. Ashti Hussein Arif | 525-548 |
| 4 | Reflection of mental conflict in Bakhtiar Ali’s novel (Palace of Sad Birds) | Avin Abdulqadir Khalifa Assit. Prof. Kwestan Jamal Salam | 549-652 |
| 5 | Causes of Pessimism in Ahmad Hardi’s Poetry | Amjad Rahman Qadir Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 653-582 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | Language processing in a bilingual mental lexicon | Dr. Bakhan Sarhad Abdulrahman<br>Dr. Tanya Ismael Hama Amin | 583-624 |
| 7 | Praise in the Kurdish poems of Sheikh Raza Talabani | Jegr Qadir Omer<br>Prof. Dr. Sardar Ahmad Gardi | 625-681 |
| 8 | The elements of place and unfamiliar in both (The red palace ) and (a child on the moon) the novel of (Hiwa kader) | Rebaz qadir yaseen<br>Prof. Dr. Mahdi Fatih Omar | 682-713 |
| 9 | Language acquisition and learning in children in the Sulaymaniyah and Hawrami dialects | Salm Hassan Aziz<br>Prof. Dr. Baker Omer Ali | 714-750 |
| 10 | Learning a Second Language Through Mental Imagery English as an Example"" | Prof. Dr. Abduwlwahid mushir Mahmood<br>Dr. Rezhna saefaddin hasan | 751-777 |
| 11 | New Historicism Criticism and Its Application in Miran Abraham's Novel Nishtmani sara | Kanyaw Bakr Abdulla<br>Prof. Dr. Shno Muhammed Mahmwd | 778-807 |
| 12 | The Naming process in the Preservation Kurdish Language | Hemin Qadir Mahmood<br>Assist. Prof. Dr. Mustafa Raza Mustafa | 808-862 |

Kirkuk University Journal for Humanities Studies

Volume (20) Issue Two - Part One - September 2025

Issued by the College of Education for Human Sciences, Kirkuk University

# Kirkuk University Journal for Humanities Studies

A peer-reviewed quarterly journal from the College of Education for Humanities, University of Kirkuk

A quarterly magazine issued by the
College of Education for Human Sciences
Kirkuk University

issn 1992 - 1179

Postal address
Iraq/ Kirkuk/ Kirkuk University
P.O. Box: 2281 and Zip Code: 52001